# ئاسۆی كتێبخانە

بڵاوكــراوەیەكی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی كتێبخانەو زانیارییەكـان

كتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەسەر ئەركی پارێزگای سلێمانی ئەم ژمارەیەی دەركردوە

ژمارە (١٦) ٢٠١١/١/١٣

## ئاسیا سێڵ

## ساڵێك كۆمەكی كردین

بەسوپاسو پێزانینی زۆرەوە، هەر دوانزە ژمارەی ساڵی رابردوو (٢٠١٠)ی (ئاسۆی كتێبخانە) بەسپۆنسەرو ئاوڕی دڵسۆزانەی كۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) چاپو بڵاوكرایەوە.

هەر بۆیە كتێبخانەی گشتیی سلێمانیو بڵاوكراوەكەمان ئەمەكدارە بەرامبەر ئەو كۆمەكەی كۆمپانیاكەو هیوادارین وێڕای خزمەتگوزارییەكانی خۆیان، بەردەوام ئاوڕی خەمخۆرانە لەبزاڤی روناكبیریو رۆژنامەنووسیی كوردی بدەنەوەو دووبارە سوپاسیان دەكەین.

**ئاسۆی كتێبخانە**

## ئافرەتی خوازیاری كتێب روو لە زۆربوونن



بەشی خواستنی كتێبی كوردی
لە كتێبخانەی گشتیی سلێمانی

بەپێی راپۆرتی بەشی ئاماری كتێبخانەكەمان، مانگی رابردوو ٣٢٠٠ كەس روویانكردۆتە كتێبخانەی گشتیی سلێمانیو لەو ژمارەیە (١٩١٤)یان لەرەگەزی مێ بوون.

خاتوو خۆشی عەبدوڵڵا، رێكخەری ئامار لەبەشی خۆیەتی رایگەیاند:

ئەو ژمارە ئافرەتە كە بە مەبەستی خواستنی كتێب یان كاركردن لەسەر چاپكراوەكان لە هۆڵەكاندا سەردانی كتێبخانەیان كردووە، ٢٢ كەسیان خوێندكاری دكتۆراو ١٥ یان ماجستێرو ٣٧٩یان خاوەنی بڕوانامەی بەكالۆریۆس ٢٩١ یان دبلۆمو ١٤٠ یان ئامادەییو .. تاد، بوون.

## ئێمیلی نوتومب
## نامە لەگەڵ سەربازێكی ئەمریكی دەگۆڕێتەوە!




**ئا. بەندە**

لە رۆمانەكەیدا؛ رۆماننووسی بەناوبانگی بەلجیكا (ئێمیلی نوتومب) بەناوی (شێوەیەك لەژیان) خەریكی نامە گۆڕینەوەیە لەگەڵ سەربازێكی ئەمریكیدا لە عێراق.

هەروەك رۆژنامەی (الأتحاد) باسیكردوە، بیرۆكەی نووسینی رۆمانەكە لای (نوتومب) لەشوباتی ٢٠٠٩دا لەدایك بووە، ئەوەیش كاتێك لە رۆژنامەیەكی ئەمریكیدا وتارێكی لەسەر دیاردەی قەڵەویی سەربازە ئەمریكییەكانی عێراق خوێندوەتەوە، ئیتر بە خەیاڵی خۆی كەوتووەتە نامە نووسین بۆ سەربازێكو ئەویش سكاڵای لە دەست ژیانی خۆیو قەڵەوییەكەی بۆ نووسیوە.

**اوراق المدى**

## رێكخراوی پردی ئیتاڵی لە رەوشی كتێبخانەكانی كوردستان دەكۆڵێتەوە

**ئاسۆی كتێبخانە**

بەمیوانداریی رێكخراوی (مسلة)، رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٣ وەفدێكی رێكخراوی (پرد)ی هەرێمی تۆسكانای ئیتاڵی بە سەرۆكایەتی بەڕێز جولیانی بەڕێوەبەری نووسینگەی رۆشنبیریی لەفلۆرەنساو چەند نوێنەرێكی دیكەی رێكخراوە مەدەنییەكانی ئیتاڵیا سەردانی هەولێر یان كرد.

پاشانیش لەكۆبوونەوەیەكدا بەئامادەبوونی بەڕێزان جێگری بەڕێوەبەری گشتیی كتێبخانە گشتییەكانو بەڕێوەبەرانی هەردوو كتێبخانەی گشتیی سلێمانیو هەولێرو سەرۆكی كۆمەڵەی كارمەندانی كتێبخانەكانی كوردستانو بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیریی سریان لەوەزارەت، باس لەرەوشی كتێبخانە گشتییەكانی كوردستان كرا.

وەفدی میوان بەڵێنیان دا كار بكەن بۆ كردنەوەی چەند خولێك بۆ كارمەندانی كتێبخانەكانی كوردستانو هێنانی ئامێرو كەرەستەی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی خولەكان، لەگەڵ بەردەوامبوونی پەیوەندیی بە كتێبخانەكانی كوردستانەوە.

## چاپكراوەكانی «دار المدی» لە پیشانگای قاهیرە

**بێستون فەرهاد**

عێراق یەكێكە لەو وڵاتانەی كە ئەمساڵ بەشدار دەبێت لە پێشانگای قاهیرەی كتێبدا كە دەكاتە خولی چلو دووەمینی ئەو پێشانگایەو رۆژی ٢٧ی ئەم مانگە دەسپێدەكات.

لە پیشانگایەكەدا چەندین دەزگای بڵاوكردنەوەی عەرەبیی بەشدار دەبن، لەوانە دامەزراوی (دارالمدی)یە كە بە ١٠٠ ناونیشان بەشداریی دەكات.

هەرچۆن لەپێشانگاكەدا چەندین چالاكیی ئەدەبی دەنوێندرێن، لەوانە بەشداریی ئەدیبانی عێراقی (خضیر میری)ی چیرۆكنووسو (عبدالزهرة زكی)ی شاعیر.

**المدی**

## سیمینارێك بۆ پاراستنی كتێبخانە

دوێنێ (٢٠١١/١/١٢)، لەهۆڵی شەهید شەوكەتی حاجی موشیر، كۆمەڵەی كارمەندانی كتێبخانەكانی كوردستان سیمینارێكی بۆ بەڕێز جەزا ئەحمەد قادر (مامۆستای بەشی زانیارییەكانو كتێبخانە لە پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی) سازكردو تیایدا باسێكی بە ناونیشانی (چۆنێتی پەرەپێدانو پاراستنی كتێبخانە) پێشكەشكرد، ئەمەو ئامادەبووانی سیمینارەكە بریتی بوون لە ژمارەیەك لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەییو لێپرسراوی كتێبخانەی خوێندنگاكانی سەر بە پەروەردەی سلێمانی.

سیمینارەكەش لەلایەن بەڕێز شاهۆ عوسمان سەید قادر بەڕێوەبرا.

**پێشنیازێك**

## هاوڕێیان بۆ كتێبخانەكان

سالانێكە، وێڕای بەردەوامیو كاركردن، گەشبینی تەواو نیم بەرامبەر بەپێكهێنانی گروپو هەنگاوەكانو بیركردنەوە لەپڕۆژەكان.

بەڵام كاتێك دەچینە كاری پراكتیكەوە (بەتایبەت كە لەگەڵ ستافێكی خەمخۆرو روناكبیردا بیت) دەبینیت خەونەكان لەبەرچاوتا رەنگاڵەیی خۆدەنوێننو لەكایەیەكدا رەنج دەدەیت، هاوكارانت گروتین دەبەخشنە خواستەكانت.

ئێمە وەك هەنگاوێكی نوێ ئەنجومەنی هاوڕێیانی كتێبخانەمان پێكهێناوەو بەم نزیكانە بەرنامەو پەیڕەوی كارمان دەخەینە بەرچاوی پەیوەندداران، بەڵام ئاخۆ بەرامبەرانمان چەندە گوێ لەخەمو خۆزگەمان دەگرنو چەندە پێشكەوتنی كتێبخانەكان بەخەمی خۆیان دەزانن؟

لێرەوە پێشنیاز دەكەم، ئەگەر پەیڕەوەكەی ئێمەو هەنگاوەكانمان لای بەڕێزانی دیكە (لەكتێبخانە گشتییەكانی شارو شارۆچكەكان) پەسەندبوو، هەق وایە ئەوانیش كاربكەن بۆ خڕكردنەوەی هاوڕێ راستەقینەو ئەمەكدارەكانی كتێبو كتێبخانە لەدەوری كتێبخانەكانیان، بەڵكو ئەوەی تا ئەمڕۆ بەناتەواویی ماوەتەوە هەوڵی چارەسەركردنیان بدرێتو كتێبخانەكانیش بكەینە ئەو جێگایانە لاوانی كورد (بەعەشق بەپیریەوە بچن).

لەزووشەوە چینییەكان گوتوویانە بڕینی هەزاران میل لەهەنگاوێكەوە دەستپێدەكات.

**سەرنووسەر**



2 كتێبی رێنیسانس



5 هەڵبژاردنی كتێب



6 چۆن بخوێنینەوە؟




8 پۆلێنكردنی كتێبخانەی منداڵان

# حەسرەتی فەوتانی کتێب



ئازاد بەرزنجی

بەتەنها ئەوانەی کە بەڕاستی عاشقی کتێبن، دەزانن ئەو حەسرەتە چەند قووڵە کە بەهۆی فەوتان یان لە دەستدانی کتێبێکەوە دەیچێژن.

ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێم بەشێکی زۆری یادەوەرییەکانم لەگەڵ کتێبدایە. هەر لەمنداڵیمەوە تا ئێستا. هەر بۆیە ئەگەر کەسێکیشم لا ئازیز بووبێت پێم خۆش بووە کتێبی بەدیاری بدەمێ. من لەژیانمدا ڕەنگە ناوی زۆر کەسم بیرچووبێتەوە کە ڕۆژانێك بینیومن یان ناسیومن، بەڵام کەمن ئەو کتێبانەی کە ڕۆژێك لەڕۆژان خوێندوومنەتەوە یان بینیومن و ناوی خۆیان یان نووسەرەکەیانم لەبیر چووبێتەوە.

کاتی خۆی کە منداڵ بووم؛ ڕۆژانەیەکی کەمیان دەدامێ. زۆر جار ئەو ڕۆژانەیەم کۆدەکردەوە تا دەمتوانی کتێبێکی منالانی پێ بکڕم. ئێستاش باش بەبیرم دێت چۆن گەلێ شەو کە دەخەوتم خەونم دەبینی کە کتێبی((پیاوە بچکۆلانەکە))ی فەریدون عەلی ئەمینم کڕیوە، یاخود شەش بەرگەکەی ((ئەمیر ئەرسەلانی ناودار)). دواتریش کە کڕیمن، وامدەزانی باخی ئیرەمیان داومەتێ.

هەر بۆیە باسی ئەم دووکتێبەشم کرد؛ تا باس لەوە بکەم چۆن لەو تەمەنەی منداڵیمەوە ئەو حەسرەتەم چەشت.

وەختێ لە ١٩٧٤ دا شۆڕش دەستی پێکردەوە،ماڵی باوکم چەند مانگێك دەبوو لە چۆمان بوون، لەبەرئەوەی بەر لەدەستپێکردنەوەی شۆڕش فەرمانی دەستگیرکردنی (امر قبض)ی باوکم لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە دەرچوو بوو. هەر بۆیە ئەوان چوون بۆ ئەوێ و منیش لەماڵی باپیرم لە چوارباخ مامەوە تا لەقوتابخانەی




ئەییوبیە لەسەر خوێندن بەردەوام بم. بەڵام دواتر منیش لەگەڵ کەسێکی خزمماندا چووم بۆ ئەوێو ئەو کتێبانەی کە هەمبوون، لەنێویشیاندا (ئەمیر ئەرسەلان)و (پیاوە بچکۆلانەکە) کردمنە باوەڵێکی بچکۆلەوەو لەگەڵ خۆمدا بردمن بۆ ئەوێ. ئیتر ئەوە بوو لەوێ ماینەوە تا مقۆمقۆی نسکۆ کەوتە سەر زاران و ئێمەش بەهەندێ کەلوپەلی پێویستەوە بەرەو حاجی هۆمەران و پاشانیش بەرەو خانێ (پیران شەهر) بەڕێ کەوتین. بەڵام هەروەکو وتم نەمانتوانی هەموو کەلو پەلی ماڵەکەمان بەرین و ئەو دووکتێبەشم لەگەڵ کتێبەکانی ترمدا لەچۆمان مانەوەو کە لە خانێ بووین زۆربەی شەوان لەخەونمدا دەچوومەوە بۆ چۆمان و کتێبەکانم دەبردەوە لای خۆم، بەڵام ئەم خەونانەم کاتێك بوون کە چۆمان چۆڵ کرابوو و تفەنگێك دەدرا بەنان و کەبابێك. کەچی حەسرەتم بۆ لەدەستدانی کتێبەکانم هیچی کەمتر نەبوو لەحەسرەتم بۆ نشوستیی شۆڕش.

دیسانەوە دوای ئەوەی لە ئێران چووینە ئۆردووگاو لەوێش کەوتمە کۆکردنەوەی کتێبی فارسی، وەختێ لەڕێی قەسری شیرینەوە هاتینەوە بۆ ناو خاکی عێراق، لەناو خاکی عێراقدا خۆمانیان لە کەلوپەلەکانمان جیاکردەوە، خۆمان لە گەلابەیەکدا (نەك پاس) و کەلوپەل و ماڵەکانیشمان لەگەلابەی تردا. دیسانەوە وەختێ ڕەوانەی باشووری عێراقیان کردین و بۆ زەلکاوەکان دووریان خستینەوە، لەوێش کتێبە فارسییەکانم دیار نەمان و ئەوەش لەناخمدا بوو بە ئەفسووسێکی قووڵ. دوای دووساڵیش کە لێبوردنمان بۆ دەرچوو و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، سەر لە نوێ لە سفرەوە دەستم کردەوە بە دروستکردنی کتێبخانە. هەر لەدیوانی شاعیرە کلاسیکەکانەوە تا شاعیرە تازەکان و کتێبەکانی مێژوو و چیرۆك و پاشانیش کتێبی عەرەبی، تا پێمان نایە هەشتاکانەوە. کاتێك جەنگی عێراق - ئێران هەڵگیرساو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مۆتەکەی جەنگ سواری ملی خەونەکانی سەرەتای لاویمان دەبوو، دیسانەوە تاقە داڵدەیەك بۆمان کتێبەکانمان بوو. بەڵام هەر لە هەشتاکانداو بەهۆی هەلومەرجی سەختی ئەوساوە ناچاربووم کتێبخانەکەم بفەوتێنم و ئەو کتێبانەی ئەم شارو ئەو شارم دەکرد تا پەیدام دەکردن بەچارەکە نرخی خۆیان دەمفرۆشتنەوە بەو کتێبفرۆشانەی ئەوسا کە یەك دوانێکیان زۆر بێویژدانانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردم. بەڵام چونکە من پێویستم بەفرۆشتنیان بوو؛ ناچاربووم بە نرخەکانیان قایل بم. ئەمەش بووەوە بەداخێکی تر لە ڕۆحمدا. چونکە تا ئێستاش بەشێکی ئەو کتێبانەم دەست نەکەوتۆتەوە کە زۆر لەلام ئازیزبوون. هەڵبەت ئەمە جگە لەوەی کە چەندەها جار لەبەر ئەو(منع التجول)انەی کە لە هەشتاکاندا لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی بەعسەوە ئەنجام دەدران، ناچار دەبووم بەدەیان کتێب بکەم بەخۆراکی ئاگر تا مەترسی بۆ سەر ژیانی باوك و دایك و خوشك و براکانم دروست نەکەم.

من دەزانم هەر کتێبدۆستێك بگریت بەشی خۆی حەسرەتی لەدەستدانی کتێبە خۆشەویستەکانی خۆی لەدڵدایە، بەڵام هەندێ کتێب هەن کە حەسرەتی فەوتانیان زۆر گەورەترە لەهەندێ کتێبی تر، لەبەر ئەوەی هەر بەڕاستی سەردەمانێك بووەتە بەشێك لەڕۆحت و لەناختدا ڕەگاژۆ بووە.

بەڵام بەدیوەکەی تریشدا بەدەستهێنانەوەی کتێبێك کە لەدەستت داوە چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە. هەر بۆ نموونە لەهەشتاکاندا لەو کتێبانەی کە خۆشم دەویستن و فەوتان زنجیرەی کتێبی (مشكلات فلسفيە)ی (د.زكريا ابراهيم)و هەروەها کتێبی (الحب و الحضارة)ی هێربرت مارکیوز بوون. بەڵام خۆشبەختانە زنجیرە کتێبەکەی د. زکریام لە کتێبفرۆشی نوری (مكتبە النوري) لەدیمەشق و کتێبەکەی مارکیوزیشم لە کتێبخانەی (الفرات) لە بیروت دەست کەوتەوە. دەتوت ساڵانێکە دوو هاوڕێی زۆر ئازیزم لێ ون بووەو بەدیداریان شاد بوومەتەوە.

# له فەڕەنسا دەستنووسێکی دافنشی دەدۆزرێتەوە

و.قوباد

لەنێو کۆمەڵێك دۆکۆمێنتدا کە دەگەڕێنەوە بۆ ١٣٠ ساڵ لەمەوبەرو هیچ کەسێك دەستی پێیان نەگەیشتووە، دەستنووسێکی هونەرمەندی ئیتالی (لیوناردۆ دافنشی) دۆزراوەتەوە.

تۆڕی (یۆرۆنیوز) ڕایگەیاندوە؛ دەستنووسەکە لەنێوان کۆمەڵێ



بییر ئەنتۆنی

کەرەستەدا دۆزراوەتەوە کە (بییر ئەنتۆنی)ی سەرمایەداری کۆکەرەوەی یادگارە بەنرخەکان ساڵی ١٨٧٢ پێشکەش کتێبخانەی (نانت)ی کردوە.

ئەنیس مارستیۆ کە یەکێکە لە کارمەندانی کتێبخانەی ناوبراو وتویەتی دۆکۆمێنتەکە لەسەر پارچە کاغەزێکەو بە هەڵگەڕاوی نووسراوەو وا باشترە بە بەکارهێنانی ئاوێنە؛ پیتەکان پێچەوانە ببنەوەو بخوێندرێنەوە.

خاتوو مارستیو ئەوەشی وتووە کە نووسینەکە بەزمانی ئیتالی لە سەدەی پانزەیەمدا نووسراوەو ئێستا کار بۆ ئاشکراکردنی هێماکانی ئەو نووسینە دەکرێت.

جێی ئاماژەیە کە لیوناردۆ دافنشی بە بەناوبانگترین هونەرمەندی سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتالیی دادەنرێتو وەك نیگارکێشو پەیکەرسازو تەلارسازو زانایەکی جیهان ناوی دەبرێت.



لیوناردۆ دافنشی

سەرچاوە: تاتو ژمارە/٢٢

# کتێبەکانی کتێبخانەکەم

د. فەرهاد پیربال

## ڕێنیسانس



د. کەمال مەزهەر

ڕێنیسانس Rennaissanceبە عەرەبی عصر النهضة، بەو سەردەمە دەگوترێ کە ئەورووپا، لەناو دواکەوتنو تاریکییەکانی خۆیدا سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوەو ڕوودەکاتە پێشکەوتن. وشەی ڕێنیسانس خۆیشی، بە فەرەنسی، واتە "لەدایکبوونەوە".

گۆڕانکارییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس هەر لە سەدەی پازدەهەمەوە(١٦٠٠) دەستیان پێکرد: داهێنانە زانستییەکان، دۆزینەوە جوگرافییەکان، پێشکەوتن لە بەستێنی هونەرو ئەدەبیاتو زانستو کولتوورو فەلسەفەدا؛ ریفۆرم لەبواری کەنیسەو دینو دەوڵەتدا، لاچوونی یاسای کۆیلایەتیو سوخرە.. لەجیاتی ئەمەش بەکارهێنانی پارە وەك پێوەرێکی پەیوەندییەکانی نێوان جوتیارو ئاغاکان، ئینجا کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی دەستو جێگرتنەوەی بەرهەمهێنانی وەرشەو کارگەکان، هەروەها پەرەسەندنی بازرگانیو سەرمایە کە لە کۆتاییدا گەیشتە داگیرکردنی وڵاتانو سوودوەرگرتن لە سامانەکانیان.

هەموو ئەو گۆڕانکاریو ریفۆرمو چاکسازییانەی ئەورووپای سەردەمی ڕێنیسانس، کاتێ خوێنەری کورد دەیانخوێنێتەوە؛ دەمودەست خەون بەمەوە دەبینێ کە پێویستە لە کۆمەڵگەکەی ئەویشدا هەمان ڕێنیسانس بێتە ئارا.

من بۆ خۆم یەکەمین جار، کەمال مەزهەر بوو، لە کتێبەکەی خۆیدا بە عەرەبی(عصر النهضة/کە ئەمڕۆ لەژێر ناونیشانی ڕێنیسانس–دا وەرگێڕانی فوئادی مەجید میسری کراوەتە کوردی) سەرنجی بۆ ئەم سەردەمە گرنگەی ئەورووپا راکێشامو وای لێکردم ئەم خەونە جوانە ببینمو بچم کتێبی دیکەی لەبارەوە بخوێنمەوە. ڕاستییەکەیشی، سەردەمی ڕێنیسانس بۆ خۆی، بۆ من، کتێبێکی سەربەخۆ بوو، چونکە هەرچی کتێبێکی دیکەی لەم بارەیەوە دەمدیت دەمخوێندەوە.

کتێبی ناوبراو وای لێکردم خەون ببینم..

لە هەمووی گرنگتر، کە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە فێری بووم؛ بیری تاکگەرایی Individualisme و بەگژداچوونی دەسەڵاتو نەریتە سەپاوەکان بوو. هەر بۆیەش تەنانەت فەیلەسووفەکانی سەردەمی(ڕۆشنگەری)ش، بنەماکانی ڕێنیسانسیان بە پاڵپشتێك دادەنا بۆ خۆیان لە خەباتی خۆیاندا دژی کەنیسەو دەوڵەتو نەریتەکان. مۆنتسکیۆ لەساڵی ١٧٢١ لە(نامە ئێرانییەکان) کە کاریگەرترین بەرهەم بوو دژی سیستەمی دەسەڵاتی سەدەی هەژدەم دەیگوت: "ئێمە دەمانەوێت دابونەریتو رێکخراوی کۆمەڵایەتیی خۆرئاوا لە خەوی غەفڵەتی خۆی بێدار بکەینەوە".

لە سەردەمی ڕێنیسانس، فەلسەفەی تاکڕەوی Individualisme لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنێکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆ دەست پێدەکات کە پشت بە شارەزایی تاکەکەسو متمانە بەخۆکردنی، دەبەستێت. بەمەش مۆرکی سروشتێکی تاکە کەسییانە وردە وردە دەنووسێتە سەر بیرو بۆچوونو ڕاستییەکان. لێرەوە، بۆچوونەکان دەشێ قووڵ بن، بەڵام مەرج نیە ڕاست بن: گرنگ ئەوەیە بەگوێرەی کەسەکە خۆیەوە ڕاستگۆن.

ئەم پرەنسیپە، فەیلەسووفی فەرەنسی، مۆنتاین، جوان ڕوونی کردەوە: "من بەجەسارەتەوە گۆشەنیگای خۆم دەردەبڕم. چونکە، بیر، پێش هەموو شتێك، گۆشەنیگایەکی شەخسییەو سروشتێکی تاکە کەسییانەی هەیە. ڕای من لەبارەی شتەکان نابێتە پێوەر بۆ شتەکان، تەنیا وەك پێوەرێکی بینینی تایبەتی من بۆ شتەکان حسێبی بۆ دەکرێت. من ئەوەندەم بەسە کە بۆ پێشکەشکردنی مەعریفەیەك، پێشبینیی خۆم وێنا بکەم. هەر لەڕێگەی ئەمەشەوە پێشبینییەك–لەبارەی شتەکانەوە نا، بەڵکو لەبارەی خۆم–دەردەبڕم.

ئەم بۆچوونەی مۆنتاین تەنانەت بەگوێرەی ڕێنیسانسیش تازە بوو: جارێ هێشتا سێرڤانتسو پێترارك تێگەیشتنی جیهانیان لەچاوی تاکە کەسەوە تەماشا نەکردبوو.

ئەم کتێبە

• پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

## شەرحێک

لەکتێبی کۆنی مزگەوتدا(مەتن)و (شەرح) یا(حاشیە) هەبوو، (مەتن) ناوەرۆکو ئەسڵی کتێبەکە بوو، هەندێ شتی کە نەدەچووە ناو(مەتن)ەکەوەو لەچوار کەناری کتێبەدا دەنووسرا. ئێستا بۆ ئەوەی شتی زیادەو شیکردنەوەو باس نەچێتە ناو(مەتن)ەکەوە، پەراوێز پەیدا بووەو ژمارەی دەدرێتێ کە ئەمە مۆدێرینترە.

ئەمجارە لەسەر کتێبێکی تازە نادوێم، چونکە گۆشەی جاری پێشووم بەدێڕە شیعرێکی مەلا حەمدوون کۆتایی پێ هاتبوو، کە چەند کەسێ لێکدانەوەیان لێ پرسیم، چونکە لەناو کتێبو شیعری مەلا حەمدووندا نەبوو. هەر نەشنووسراوەتەوەو (وامن بیستوومەو لەبەرم ماوە)، لەبەر ئەوە لە(حاشیە)و(پەراوێز)ی ئەو دێڕەدا دەنووسم.

دێڕەکە ئەوەیە:

**هەرچەندە کە چاوم نی یە تەعریفی قەمەرکەم**
**ئەمما بەزەکا ڕەنگ هەیە سەمعم بە بەصەرکەم**

(واتە هەرچەندە کە چاوم نیە تاریفی مانگی پێ بکەم، چونکە نابینم، بەڵام بەزیرەکیی خۆم ڕەنگ هەیە گوێم بکەم بە چاو).

حیکایەتی ئەم تاقە دێڕەش ئەوەیە:

شاعیری کۆن کە قەسیدەیەکیان دەنووسیو لای خۆیان جوان بوو، دەیانناردا بۆ شاعیرێك یا چەند شاعیرێکی ناسراو داوایان لێ دەکردن(تەخمیسی)بکەن، چەند باسێکی ئەم تەخمیسانەم لایە–کنگرو ماست بۆ وەعدەی خۆی؛ بەڵام بۆ ئەم دێڕەی مەلا حەمدوون دەڵێم: حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە(موخلیس) پارچە شیعرێکی لە شێخ عومەری بیارەوە بۆ دێ، شێخ داوای لێکردووە کە(تەخمیس)ی بکات، موخلیس یا پێیی ناکرێت یا بۆی نایەت تەخمیسی بکات.

لەبەر ئەوە دەیدات بە مەلا حەمدوون(کە شاعیری چاك بوو) ئەڵێ: حەمدوون ئەم شیعرانە تەخمیس بکە، بەڵام دەستم دامێنت پێوەی دیار نەبێ کە من تەخمیسم نەکردووە.

مەلا حەمدوون شیعرەکان دەباتەوەو دێتەوە لای (موخلیس)و دەڵێ: دەستم کرد بە تەخمیس، گوێ لەم سەرەتایە بگرە:

**هەرچەندە کە چاوم نی یە تەعریفی قەمەرکەم**
**ئەمما بەزەکا رەنگ هەیە سەمعم بە بەسەرکەم**

لەیەکەم دێڕەوە دیارە کە(بێ چاو)ێك یا بەواتای ئێستا (نابینایەك) تەخمیسی کردووە، گوایە ئەمەی واکردووە کە دیار نەبێ حاجی مەلا ڕەسووڵ خۆی نەیکردووە! ئیتر پێی دەڵێ:

بەسە بەسە، خوا بتگرێ، ئەوە لەیەکەم دێڕەوە دەرت خست کە تۆ تەخمیست کردووەو من نەمکردووە. چونکە کوێرێك لە ئۆدەی ئەو تەخمیسە هاتبێ هەرتۆیت.

ئەمە پەراوێزێك بوو، یا حاشیەیەك بوو بۆ گۆشەی پێشوو وهەر دەچێتە سەر باسی ئەو گۆشەیەو باسی(تاها حسێن) بۆ گۆشەیەکیترو کتێبێکیتر.

### لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی شاهانەی دانیمارك

ئا. تابان حەسەن

ئەم کتێبخانەیە کە دەکەوێتە شاری(کۆپنهاگن)ی پایتەختی دانیمارکەوە، ساڵی ١٦٤٨ لەلایەن شا فریدریکی سێیەم دروستکراوە.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ کتێبخانەی زانکۆدا کە ساڵی ١٤٨٢ دروستکراوە؛ لە یەکدراوە، پاشان ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ کتێبخانەی نیشتمانیی ئەو وڵاتەدا بۆ سەرچاوە زانستیو پزیشکییەکان تێکەڵ کراونو بوونەتە کتێبخانەی گەورە.

ناوی فەرمیی کتێبخانەکە لە(٢٠٠٦) دەزگای سەرپەرشتییان بووەتە: کتێبخانەی شاهانەو کتێبخانەی نیشتمانیی دانیمارکو کتێبخانەی زانکۆی کۆپنهاگن.

ئێستا کتێبخانەکان دەکەونە سێ جێگا، یەکەمیان لە ناوەڕاستی کۆپنهاگن کە تایبەتە بەسەرچاوەکانی زانستی کۆمەڵایەتیو یاسا، دووەمیان لە (Amager)ەوە و تایبەتمەندە بەزانستە مرۆڤایەتییەکان، سێیەمیان لە(Norre)ەو تایبەتە بە زانستە سروشتییەکانو تەندرووستییەکان، بەڵام چوارەمیان کە کتێبخانەی سەرەکییە دەکەوێتە Slotsholmen لەسەر مینای کۆپنهاگنو هەموو بابەتو کۆمەڵە تایبەتەکانی تیادا پارێزراوە.

ئەمەی دواییان لەساڵی ١٩٩٩ تەلارێکی نوێی بەتەنیشت تەلارە کۆنەکەیەوە بۆ دروستکراوەو بە(ئەڵماسی رەش) ناونراوە، ئەویش لەبەر رەنگی رەش رووماڵەکەیەتی کە لەلایەن ئەندازیارە تەلارسازە دانیمارکەکانەوە دروستکراوەو بریتین لە مەڕمەڕو شووشەی رەش، بێجگە لە کتێبخانە هۆڵی ئاهەنگی مۆزیکیشی تێدایە.

لە سەرچاوەکانی یەکێك لە کتێبخانەکاندا، دوو هەزار کتێب لە نووسینی(کارڵ لینیە)و دەربارەی ئەو نووسەرە هەیە، هەرچۆن کۆمەڵێکی زۆر لە دەستنووسەکان هەن، لەگەڵ دەستنووسو نامەکانی(هانز کریستیان ئەندرسن)و (کیر کیگارد)و کتێبەکەی(دالبی) کە ئینجیلی لاتینییە.

**دزینی سەرچاوە بەنرخەکان**

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨تا ١٩٧٨ کتێبخانەکە گەورەترین دزینی کتێبە مێژووییەکانی دیوە، کەسێك توانیویەتی ١٦٠٠ کتێبی مێژوویی بدزێت کە نرخەکەیان بە(٥٠) ملیۆن دۆلار خەمڵێنراوە، تیایاندا کتێبی هەریەك لە (مارتن لۆسەر)و چاپی یەکەمینی (ئیمانۆئێل کانتو تۆماس مۆرو جۆن میلتۆن) هەبوون، ئەو دزینانە لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ئاشکرابوون.

هەرچۆن لەنێوان ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٢دا دزێك بایی (٢) ملیۆن دۆلار کتێبی دزراوی لە مەزادە جۆراوجۆرەکاندا فرۆشتووەتەوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ دزەکە ئاشکرابووە.

**زانیاریی تر**

سەرچاوەکانی کتێبخانە ناوبراوەکانی کۆپنهاگن بریتین لە کتێبو گۆڤارو بڵاوکراوەو چاپکراوی کۆمپانیاکان، لەگەڵ دەستنووسو دەگمەنە پارێزراوەکانو نەخشەو وێنەی فۆتۆگرافیو تۆمارە مۆزیکییەکانو بڵاوکراوە دانیمارکییە ئینتەرنێتییەکان.

کۆی چاپکراوو کەرەستەکانی بریتییە لە(٣٢) ملیۆنو سەد هەزار سەرچاوەو سپاردنی یاسایش لە ساڵی ١٦٩٧–وە دەستی پێکردوە.

هامشۆکەر دەبێت ژوور ١٨ ساڵ بێتو پێویستی راستەقینەی بە سەرچاوەکان هەبێت، بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە بەنرخو دەگمەنەکان پرەنسیبی تایبەت هەیە.

ژمارەی ئەندامانی بەشداربووی کتێبخانەش گەیشتووەتە ٣٧٦٠٠کەسی خوێنەری چالاك.

بودجەی کتێبخانە ناوبراوەکان بریتییە لە ٥٩ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی (٣٤٠ملیۆن کرۆنی دانیمارکی)و بەڕێوەبەریش(Erland)ە لەساڵی ١٩٨٦–وەو کۆی کارمەندەکانیش ٦٠٦ کەسن.

سەرچاوە/ ویکیپیدیا



### ئەو(١٠) کتێبەی جیهانیان هەژاند

# هەشتەم: بەرەبەیانی پزیشکیی زانستی

ئا. راستی

ڕێنیسانس لەئەوروپا بە تەنیا ئەدەبیاتی نەبوژاندەوە، بەڵکو جۆرە وریابوونەوەیەکی هزریش بوو بۆ زانستە سروشتییەکان، ئەو ماوەیە بەسەردەمی گالیلۆو کیلەرو باکۆنو دیکارتو (هارڤی) ناو دەبرێت.

دوای ئەوەی ولیەم هارڤی (کامبیردج)ی تەواوکرد، چوار ساڵ لەبەردەستی مامۆستای بەناوبانگ (فابریکیوس)ی دۆزەرەوەی خوێنبەرەکان خوێندوویەتی.

دوای ئەوەی ساڵی ١٦٠٢ گەڕاوەتەوە ئینگلتەرە، وەك پزیشکو وانەبێژو نووسەر ماوەی پەنجا ساڵی تەواو خزمەتی کردووەو کچی پزیشکە تایبەتەکەی شاژنە ئەلیزابیسی خواستووە، پاشان وەك (هاوڕێ) لە کۆلێژی پزیشکیی شاهانە کاریکردوە، هەروەها وەك پزیشکی جیمسی یەکەمو شارلی یەکەم.

لەگەڵ ئەوانەدا، بە درێژایی ژیانی سەرقاڵی توێژینەوەی پزیشکی بووەو تاقیکردنەوەکان بووەو ساڵی ١٦١٦ چەندین موحازەرەی سەبارەت سوڕی خوێن لە کۆلیژی پزیشکی وتووەتەوە، وەك لەیاداشتەکانیدا نووسیویە تەواو بڕوای بەتیۆرە بەناوبانگەکانی بووە دەربارەی سوڕی خوێنو وتویەتی "خوێن بەشێوەیەکی بەردەوامو بەهۆی لێدانی دڵەوە لە بازنەیەکدا دەسوڕێتەوە".

دوای چەندین ساڵ لە ئەزموونەکانی، ساڵی ١٦٢٨ لە ئەڵمانیا کتێبێکی (هارڤی) لە ٧٢ لاپەڕەدا بڵاوکرایەوەو بەلای زۆربەی ناوەناسراوەکانی جیهانی پزیشکییەوە گرنگترین کتێبی پزیشکی بووە کە تا ئەو دەمە روناکی دیوە، کتێبەکە بە زمانی لاتینی بووە کە ئەو دەمە زمانی زانستیی باوی جیهان بووە، ناونیشانەکەی (مەشقی توێکاریی لەسەر جوولەی دڵو خوێن لە ئاژەڵاندا بووە، چونکە لە فرانکفۆرت بازاڕی ساڵانەی کتێب هەبووە، هەربۆیە لەوێ بڵاویکردوەتەوە تاوەکو بەخێرایی بگاتە دەستی زانایانی کیشوەری ئەوروپی، لە کتێبەکەیدا بەهۆی خەتە خراپەکەیەوە چەندین هەڵەی چاپ کەوتبووە ناویەوە.

هارڤی روونیکردوەتەوە کە خوێن لەلای چەپەوە لەڕێی خوێنبەرەکانەوە دەگاتە دڵ، پاشان خوێنەکە لەڕێی خوێنهێنەرەکانەوە بەلای راستی دڵدا دەگەڕێتەوە.. سووڕی خوێنیش بەهۆی پێکەوەگرێدراوی دەمارەوە ئەنجامدەدرێت.. لەوێوە باسی لەوە کردوە کە جوولەی هەردوو سکۆڵەو هەردوو گوێچکەڵەی دڵ بەدوای یەکدا دەستپێدەکەن.

دەشێ بۆ سووڕی بازنەیی خوێن، هارڤی سوودی لە فەیلەسووفە کۆنەکانی وەك (ئەرستۆ) وەرگرتبێت کە زانیویەتی جوولەی تەواو بازنەییەو ئەوەش نموونەترین جوولەیە.

دوای چەند ساڵێك بەدوای مەرگی (هارڤی)دا ئەو گومانە روونبووەتەوە، واتە تیۆرەکەی ئەو زانایە لەمەڕ سووڕی خوێن، ئەویش کاتێك (مارسبلو مالپیجی)ی مامۆستای توێکاری لە زانکۆی پۆلۆنیا بە مایکرۆسکۆب مەسەلەی تیۆرەکەی ئەو زانایەی پشکنیوە، دیویەتی تۆڕی دەزوولە خوێنینەکان دەمارەکانیان گەیاندووە بە خوێنبەرەکان، هەرچۆن هارڤی پێشبینی کردبوو، بەوەش دوا هەنگاوی سەلماندنی سووڕی خوێن چەسپاوە.

بێجگە لەوەش، واتە لە داهێنانە زانستییەکەی، هارڤی گەورەترین بەشداریی کردوە لەخزمەتی زانستو توێژینەوە زانستییەکان، ئەویش لەڕێی ئەزموونو میتۆدە تاقیگەییەکانەوە بووە، ئەو بناغەی داڕشتووەو لەسەر ئەو بناغەیە زانستی ئەرکەکانی ئەندامانی لەشو پزیشکی بۆ ماوەی سێ سەدە زیاتر بونیادنراوە، خویشی گوتویەتی "پێویست بوو لە نهێنییەکانی سروشت لە رێی ئەزموونەکانەوە بکۆڵمەوە".

بۆ خۆشبەختی، هارڤی لەنێو زاناو بەتواناکاندا رازی بوونی گشتیی بەرامبەر بەتیۆرەکانی بەچاوی خۆی دیوە، دامەزراندنیشی بەراگری کۆلێژی پزیشکی لەساڵی ١٦٥٤دا، واتە سێ ساڵ بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، ئاماژەیە بۆ پایە بەرزیی ئەو لەنێوان هاوڕێیانی پیشەکەیدا.

هەرچۆن ئەو چەند دێڕەی سەر کێلی گۆڕەکەشی کە بەلاتینی نووسراوە، بەڵگەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لەلایەن هاوچەرخەکانیەوە، کەتیایدا هاتووە "ولیەم هارڤی، کە سەرجەم ئەکادیمیاکان رێز لە ناوە بەرێزەکەی دەگرن، لە هەزاران ساڵدا، یەکەم کەسبوو کە جوولەی رۆژانەی خوێنی ئاشکرا کرد، بەوەش تەندرووستیی بەهەموو جیهانو نەمریی بەخۆیشی بەخشی..".

**(هارڤی گەورەترین بەشداریی کردوە لەخزمەتی زانستو توێژینەوە زانستییەکاندا)**

سەرچاوە:
پاشکۆی (اوراق)ی
رۆژنامەی المدی


EXERCITATIO
ANATOMICA DE
MOTV CORDIS ET SAN-
GVINIS IN ANIMALI-
BVS,
GVILIELMI HARVEI ANGLI,
Medici Regii, & Professoris Anatomiæ in Col-
legio Medicorum Londinensi.

FRANCOFVRTI,
Sumptibus GVILIELMI FITZERI.
ANNO M. DC. XXVIII.


ولیەم هارڤی

# ڕۆژی جیهانی برایل لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

**و. تابان حەسەن**

ڕۆژی ٢٠١١/١/٤ کتێبخانەی (تەها حسێن) کە هۆڵێکی تایبەتە بە نابینایان لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، ئاهەنگێکی بە بۆنەی (ڕۆژی جیهانیی برایل)ەوە سازکرد.



تەها حسێن



لویس برایل

جێی سەرنجە ساڵانە لە جیهاندا ئاهەنگێك دەگێڕێت بەم بۆنەیەوە کە مێژووی لەدایك بوونی (لویس برایل)ە لە ساڵی ١٨٠٩دا.

ناوبراو ئەو زانایەیە کە شۆڕشێکی بەرپا کرد لە ژیانی نابینایاندا، ئەویش بەداهێنانی سیستمێك بۆ خوێندنەوە، کەپشتدەبەستێت بە (شەش خاڵی زەق)و ناسراوە بەشێوازی برایل.

ئاهەنگەکە چەند چالاکییەکی لەخۆگرت کە بەپێشکەشکردنی بیرۆکەی ئاهەنگەکە دەستی پێکرد، پاش ئەوە کۆمەڵێك پێشبڕکێ لە نێوان خوێندکارە بیناو نابیناکان سازکرا، لەگەڵ نمایشکردنی کۆمەڵێك کتێبو خولاوەکان کە تایبەتن بە شێوازی برایلو هەندێك نمایشی ئەو ئامێرو ئامرازی نووسینانە کە تایبەتن بەزمانی (برایل)، ئاهەنگەکە لە ٩ی بەیانی دەستی پێکرد لە هۆڵی (ئەدنیوریوم) لە تەلاری سەرەکیی کتێبخانەکەو تادرەنگانێکی خایاند.



هۆڵی تەها حسێن لەکتێبخانەی ئەسکەندەرییە

www.bibaiex.org

# لە وارشۆ.. گۆڕستانێك بۆ کتێبە لەبیرکراوەکان

**و. گولستان سەعید محەمەد**

بەوتەی ئاژانسی ڕۆژنامەگەریی فەڕەنسی، لە پرۆژەیەکی دەگمەنو لەپێناوی پاراستنی کتێبو سەرچاوە دێرینەکان لە فەوتان، کتێبفرۆشێك لە شاری وارشۆ بنیاتنانی (گۆڕستانێك بۆ کتێبە لەبیرکراوەکان)ی ئەنجامداوەو بەهۆیەوە ئارەزوومەندانی خوێندنەوە دەتوانن سەردانی بکەن، لە بەرامبەر بڕێ پارەی دیاریکراوداو بۆیان هەیە بەپێی ویستو توانایان کتێبەکان وەربگرن.

خاوەنی ئەم بیرۆکەیە ناوی(فالدمار زاتانك)ەو لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی ڕۆژنامەگەریی فەڕەنسی وتی: "لەماوەی دووهەفتەدا، هەشت سەد کەس سەردانی ئەم شوێنەیان کردوەو زیاتر لە (پێنج هەزار کتێب) یان خواستووە، هەروەها وتی ڕۆژانە (دوو هەزار کتێب) دەبرێتە دەرەوەو نزیکەی(بیست هەزار) کتێب ماوەتەوە.

(زاتانك)بیرۆکەی ئەم کارەی لە ڕۆمانی (ظل الريح– سێبەری با) وەرگرتووە، ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەری ئیسپانی (کارلۆس رویس زافۆن) بڵاوکراوەتەوە، پاڵەوانی ڕۆمانەکە کوڕی کتێبفرۆشێکە لە بەرشلونەو کاتێك منداڵ بووە، باوکی بردوویەتی بۆ شوێنێکی نهێنی، ئەو شوێنەش (گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان) بووە، تاوەکو کتێبێك هەڵبژێرێتو باوکی بیکاتە دیاری بۆ جەژنی لەدایکبوونی.

لەم گۆڕستانەی کتێب لە وارشۆ کارەکە جیاوازەو ماف دەداتە هامشۆکەرانی تاوەکو بەپێی تواناو خواستی خۆیان ئەو کتێبانەیان بەسەردا دابەش بکات.

هەرکەسێ بیەوێت بچێتە ناو ئەو کتێبخانەیە، بلیتێکی ٣٠ زلوتی دەبڕێ، پاشان مافی چوونە ژوورەوەی پێ دەدرێتو خوێندکارانو خانەنشینان سوودمەند دەبن لەو داشکاندنەی لەخواستنی کتێبەکاندا دەکرێت.

بەڵام ئەگەر دوو کەس پێکەوە سەردانی کتێبخانەکە بکەن، دووەمیان تەنها (٥) زلوتی دەداتە بلیتی سەردانەکەی، خاوەنی ئەم بیرۆکەیە دەڵێ"هامشۆکەران ئارەزومەندانە لەسەر ویستی خۆیان کتێب هەڵدەگرن"...ئامانجی ئەم پرۆسەیە تەنها پاراستنی کتێبەکانە لەفەوتان.

زاتانك لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ"خەڵکان کەمتر لە جاران دەخوێننەوەو گەیشتن بە بازاڕەکانی کتێب کارێکی زەحمەتە، جگە لەوەی نرخی کتێبە تازەکان گرانە".




ڕۆمانی سێبەری با



کارلۆس رویس زافۆن

الشرق الأوسط

# رولینگ.. خەڵاتی ئەندرسن بەدەستدێنێت

**ئا. راستی بەرزنجی**

نووسەری بەریتانی (ج.ك.رولینگ) یەکەمین کەسە کە خەڵاتی ئەندرسن بەدەستدێنێتو بڕی خەڵاتەکەش بریتییە لە پێنج سەد هەزار کرۆنەر (٥٩هەزار جونەیهی ئەسترلینی). ئەو نووسەرە خەڵاتەکەی لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی رابردوودا لە ئاهەنگێکدا پێبەخشراوە لە (ئۆدینس)ی زێدی هانز کریستیان ئەندرسن.

ئەم خەڵاتە بەکەسێك دەدرێت کە بتوانرێ بەراورد بکرێت لەگەڵ (ئەندرسن)ی نووسەری دانیمارکیدا کەوا ساڵی ١٨٠٥ لەدایك بووەو بەر لە مەرگی لە ساڵی ١٨٧٥دا نزیکەی (١٦٠) حەکایەتی خورافیو قەسیدەی نووسیوە.



خاتوو رولینگ خەڵاتی ئەندرسن وەردەگرێت

خاتوو (رولینگ) بەوبۆنەیەوە وتویەتی "ئەندرسنی نووسەری بەرهەمە کلاسیکییەکان، کاراکتەری نەمری ئەوتۆی هێناوەتە ئارا کە هەرگیز لەتوانادا نییە لەیادەوەریدا بسڕدرێنەوە".

جێی سەرنجە هەر حەوت کتێبەکەی رولینگ کە سەبارەت (هاری پۆتەر)ی منداڵی جادووگەرن زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دانەیان لە هەموو جیهاندا لێ فرۆشراوەو بۆ زۆر زمانیش وەرگێڕدراون.

تاتو



هانز کریستیان ئەندرسن

# هەڵبژاردنی کتێب

ئاری بابان

کتێبخانە وەك دەزگایەکی رۆشنبیری ئامانجی سەرەکی بڵاوکردنەوەی زانستو رۆشنبیرکردنەوەی ناوەندی کۆمەڵایەتییەو ئەم ئەرکە وامان لێدەکات زۆر بەوردی هەوڵ بدەین کتێبی وا هەڵبژێرین لەگەڵ مەبەستو ئامانجی کتێبخانەدا بگونجێتو بەشێوەیەك بێت زۆرترین توێژی کۆمەڵ سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتی لەکتێبخانە گشتییەکاندا.

بێگومان ئەم هەنگاوەش مانای وایە هەر کتێبخانەیەك کتێبی تایبەت بەو کەسانە هەڵبژێرێت کەخزمەتیان دەکات لەکتێبخانە گشتییەکاندا، هەڵبژاردنی کتێب جیاوازە لەکتێبخانەیەکی پسپۆڕ، یان کتێبخانەی قوتابخانەکان یان کتێبخانەی زانکۆ..، لەبەرئەوەی هەر یەك لەو کتێبخانانە خزمەتی توێژێکی تایبەتی دەکەنو لەگەڵ مەبەستو ئامانجی کتێبخانەکەیاندا دەگونجێت.

لێرەدا دەردەکەوێت کەپێویستە هەر کتێبخانەیەك پلانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت لەهەڵبژاردنی کتێبدا کە لەگەڵ توانای ماددی کتێبخانەکەشدا بگونجێت.

دەتوانین بڵێین مەحاڵە هیچ کتێبخانەیەك بتوانێت سەرجەم بەرهەمە چاپکراوەکان کۆبکاتەوە، لەبەرئەوەی ساڵانە بەملیۆنان کتێب چاپدەکرێتو بڵاودەکرێتەوەو بەپێی کتێبی (هەڵبژاردنی کتێب لەکتێبخانەکاندا) کەساڵی ١٩٨١ چاپکراوە، تەنیا لە وڵاتە عەرەبییەکان حەوت سەد هەزار کتێب چاپکراوە، لە ٦٠٪ی ئەو رێژەیە لە میسر چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە. بێگومان ساڵ بەساڵ ئەو ژمارەیە لەزیادبووندایەو لەدوای راپەرینە مەزنەکەی کوردستان کۆمەڵێکی زۆر لەدەزگای رۆشنبیریو خانەی بڵاوکردنەوە کتێبی کوردی بەچاپدەگەیەنن، ئەم هۆیانە وا دەکات بەپێی پلانێکی تایبەتی هەر کتێبخانەیەك هەوڵ بدات کتێبی تایبەت بەخۆی هەڵبژێرێت کە مەبەستەکانی بەخزمەتکردنی خوێنەرانی تایبەت بەخۆی بکات.

لێرەدا پێویستە چەند خاڵێك بخەینەروو کە هۆی هەڵبژاردنی کتێب دیاری دەکاتو پێویستە لەکاتی هەڵبژاردندا رەچاوی بکەین:

١- ئەو بەرهەمە چاپکراوانەی بڵاودەکرێنەوە لەوە زۆر زیاترە لەهیچ کتێبخانەیەك بتوانێت کۆی بکاتەوەو بیگرێتە خۆی، چونکە هەر کتێبخانەیەك رووبەرێکی تایبەتی دەستنیشانکراوی هەیە.

٢- بودجەی هەموو کتێبخانەکان دیاریکراوەو ناتوانرێت ئەو بودجەیە تەجاوز بکرێت، بۆیە پێویستە بەپێی ئەو بودجەیە کار بکرێت.

٣- گەنجینەی کتێب لەهەموو کتێبخانەیەکدا بەشێوەیەك دروستکراوە کەژمارەیەکی دیاریکراو بگرێت.

٤- ژمارەی کارمەندانی هەر کتێبخانەیەك دیاریکراوەو ئەرکی هەڵبژاردنی کتێبیش لەئەستۆی بەشێك لەو کارمەندانەیە.

٥- دەبێت هەڵبژاردنی کتێب مەبەستو ئامانجی کتێبخانەکە بپێکێتو بەپێی پلانو لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی باش بێت دەربارەی ئەو شوێنو ناوچەیەی کتێبخانەیەکی لێیەو ئەو کۆمەڵەی کتێبخانەکە خزمەتی دەکات، تاوەکو ئەو کتێبانە دەستنیشان بکرێن بۆ هەڵبژاردن کە لەچوارچێوەی پلانەکەدان.

بێگومان ئەو کەسەی کتێب هەڵدەبژێرێت پێویستە چەندین خەسڵەتی تیا بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت لەکارەکەیو بتوانێت پلانی کتێبخانەکەی جێبەجێ بکات، بۆیە پێویستە ئەو کارمەندە:

١- زانیارییەکی باشی هەبێتو (مەوسوعی) بێتو زانیاری هەبێت دەربارەی ئەوکتێبانەی بڵاودەکرێنەوەو ناونیشانی کتێبەکان ببینێت دراسەیەکی باشی بکات تاوەکو بتوانێت لەسەر پلانێکی تایبەتی لەنێوان چەند ناونیشانێکدا ئەو کتێبە هەڵبژێرێت کە لەکتێبخانەکەیدا پێویستەو داواکاری لەسەرە.

٢- شارەزاییەکی باشی هەبێت دەربارەی ناوەرۆکی کتێبخانەکەی خۆیو بزانێت لەچ بابەتێکدا کەمو کوڕی هەیە تاوەکو هاوسەنگییەك دروست بکات لەکتێبخانەکە.

٣- بەرچاوروونی هەبێت دەربارەی پێشکەوتنی بەرهەمی فیکریی هەموو بەشەکانی مەعریفە.

٤- زانیاری هەبێت دەربارەی نووسەرەکانو بتوانێت هەڵسەنگاندنێك بکاتو لایەنی بەهێزو بێهێزی بەرهەمەکان دەستنیشان بکات، تاوەکو ئەو نووسەرانە هەڵبژێرێت کە ناوەرۆکی کتێبەکانیان زانستیترو بەپێزترە.

٥- لەبەرئەوەی مامەڵەی ئەو کەسانە لەگەڵ خانەو دەزگای بڵاوکردنەوەکاندا دەبێت بۆیە پێویستە زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو دەزگاو خانەی کتێبو بڵاوکردنەوانەو زانیاری هەبێت دەربارەی ئەو کەسانەی لەبواری بازرگانی کتێبدا کاردەکەن.

٦- پێویستە زانیارییەکی باشی هەبێت دەربارەی ئەو کۆمەڵەی کتێبخانەکەی خزمەتیان دەکاتو ئاستی زانستیو رۆشنبیری کەسەکان بزانێتو لەگیروگرفتی کۆمەڵەکەی شارەزابێت.

٧- پێویستە ئەو کەسە بەهیچ لایەنو گروپێکدا لانەداتو وەك بێلایەنێك کارەکانی ئەنجام بدات، لەبەرئەوەی کتێبخانەکەی خزمەتی سەرجەم لایەنو گروپەکان دەکات.

٨- پێویستە توانای زمانەوانی باش بێتو زیاتر لەیەك زمان بزانێتبێگومان لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زۆر گرانە ئەم هەموو خەسڵەتانە لە کەسێکدا کۆببێتەوە، بۆیە پێویستە لەڕێگای لیژنەیەکی پسپۆڕو شارەزاوە ئەم کارە بکرێتو کارەکان لەنێوان خۆیانداو بەپێی شارەزاییان دابەشبکرێت، تاوەکو هەر کەسێك لەو لیژنەیە لەبواری شارەزایی خۆیدا کتێب دەستنیشان بکات بۆ هەڵبژاردن. ئەگەر هەر کتێبخانەیەك بەم شێوەیە کار بکات کتێبخانەیەکی سەرکەوتوو دەبێتو دەتوانێت خزمەتی زۆرترین خەڵك بکات.




دەبێت ئەو کەسەی کتێب هەڵدەبژێرێت شارەزاییەکی باشی هەبێت

# خزمەتگوزاریی خواستنی سەرچاوەکانی زانیاریی

ئا. یاسین قادر بەرزنجی

خواستن، واتە داخوازیی وەرگرتنی شتێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کاتێك خوێنەر دەیەوێت کتێبێك بخوازێت دەبێ خوارەوەی ئەنکێتەکە ئیمزا بکات.

لای پسپۆڕانی عەرەب، لەچوار دەیەی رابردوودا وشەی(خواستن) بۆ یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی کتێبخانەی نوێ بەکارهێنراوە، ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی زانیارییە تا لە دەرەوەی کتێبخانە بەکاربێت.

خواستن دەکرێت بە دوو بەشەوە، خواستنی دەرەکی بۆ ئەو سەرچاوانەی کە دەبرێنە دەرەوەی کتێبخانە، خواستنی ناوخۆییش واتە بۆ ناو کتێبخانەو بۆ ئەو سەرچاوانەن کە نابرێنە دەرەوە، وەکو دەستنووسو وێنەو دۆکۆمێنتو چاپکراوە فەرمییەکان.

بێجگە لە زاراوەی خواستن، چەند زاراوەیەکی دیکەش هەن کە پەیوەستن بە خزمەتگوزاریی خواستنەوە، لەوانەش:

**١- بەشی خواستن:**

ئەو بەشەیە کەوا کاروبارە تایبەتەکانی خواستنی سەرچاوەکانی زانیاریی بۆ سوودمەندان تیادا ئەنجام دەدرێت.

**٢- خزمەتگوزاریی خواستن:**

سەرجەم چالاکییەکانی پەیوەست بە خواستنی سەرچاوەکانی زانیاریی، یان کۆتایی هێنان بەو خواستنە دوای هێنانەوەیان بۆ کتێبخانە؛ دەگەیێنێت. هەروەها خواستنی سەرچاوە تایبەتو دەستبەسەردا گیراوەکان، چاودێریی کتێبە دواخراوەکان لەهێنانەوەیاندا، ئامادەکردنی ئاماری رۆژانەو مانگانە.

**٣- ئامارەکانی خواستن:**

بریتییە لەتۆمارەکانی سەرچاوە خوازراوەکانو سەرچاوە گەڕاوەکان(هێنراوەکان) تیایدا ماوەی زەمەنیی خواستنەکان دیارو شیدەکرێنەوە، لەگەڵ بابەتی سەرچاوە خوازراوەکانو جۆری سوودمەندەکانو..تاد.

**٤- سیستمەکانی خواستن:**

مەبەست لەو تۆمارو کارانەیە کەوا پرۆسەی خواستنو رێکخستنی جووڵەی کتێبی نێو کتێبخانەیەکی پێ ئەنجام دەدرێت.

**٥- کاروبارەکانی خواستن:**

شێوازی پەیڕەوکراوە بۆ بەدەستهێنانی سوودمەند لە سەرچاوەی نێو کتێبخانەو پاشانیش گەڕاندنەوەیان بۆ کتێبخانە بەپێی سیستمی خواستنی بڕیار لەسەر دراو.

* لەرووی زاراوەشەوە، دەتوانرێ پێناسەی(خواستن) بکرێت بە:

کۆمەڵێك خزمەتگوزاریو کاروبارن کە کتێبخانە لە ئاقاریانەوە هەل لە بەردەمی سوودمەندا دەڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە کتێبخانەییەکان لە دەرەوەی کتێبخانەدا، ئەویش بەپێی پرەنسیبی دیاریکراو کە ببنە پارێزگاریکەر لە سەرچاوەکانو گەڕاندنەوەیان لەکاتی خۆیاندا.

*Flexner پێناسەی خواستنی کردوە بە:

چالاکییەك کە خواستنی خوێنەر دابین دەکات بەو سەرچاوانەی دەیەوێن، ئەویش لەڕێی پەیوەندیی شەخسییەوەو سیستمی تۆمارکردنەوە.

خواستن بە یەکێك لە گرنگترین خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی دادەنرێتو یەکێکە لە ئاماژەکان بۆ کارایی ئەو خزمەتگوزارییەو پەیوەندیی بە کۆمەڵی سوودمەندانەوە، چونکە باشترین پێوانە بۆ بڕیاردان بەسەر سەرکەوتوویی کتێبخانەو سەنتەرەکان پلەو ئاستی خواستی سوودمەندانە بۆ سەرچاوەکانو سوودوەرگرتن لێیان، ئیتر لەناو کتێبخانەدا بێت یان دەرەوەی، یان لە دوور لە کتێبخانەکانەوە.

بێجگە لەوانە، واتە خواستن لەناو کتێبخانەو دەرەوەیدا، خواستنێکی دیکە هەیە کە ئەویش خواستنی بەرامبەرو ئاڵوگۆڕکردنە لە نێوان کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا، ئەویش بە مەبەستی دابینکردنی ئەو چاپکراوانەی کە لە کتێبخانەیەکی دیاریکراودا نین، دوای خواستنی لە کتێبخانەیەکی تر، وەڵامدانەوەی خواستی خوێنەرەکان.

**خواستن بەپێی شوێنی بەکارهێنانی سەرچاوەکان**

بەپێی شوێنەکانیان، دوو جۆر خواستن هەیە:

١- خواستنی ناوخۆیی بۆ سەرچاوەکانی زانیاریی:

ئەم جۆرەی خواستن، ئەنجامی سروشتی بەرنامەی تاخچنی(رەفە)ی کراوەیەو واتە رێگا نادرێت بە بردنە دەرەوەی هەندێك لە سەرچاوەکانی کتێبخانە بۆ دەرەوەی، بەڵکو بەتەنیا لەنێو هۆڵە تایبەتەکاندا بەکاردێن، خواستنی ناوخۆییش بە دوو شێوەن:

أ- خواستنی ناوخۆیی کاتی بەرێكو پێکی: کەوا کارمەندی خواستن پێناسو کارتی کتێبەکە لای خۆی دادەنێت بەبێ ئەوەی مۆری لێ بدات، لەوێوە کارمەندەکە دەزانێت چ کەسێك کتێبێکی دیاریکراوی خواستووە بۆ ناو هۆڵەکە، ئەمە لە کتێبخانە ئەکادمییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

ب- خواستنی ناوخۆیی نارێكوپێك: لەم حاڵەتەدا خوازیار سەرچاوەی کتێبخانە لەناو کتێبخانەدا بەکاردێنێت، بەبێ کردەی تۆمارکردن، یان بەشداریی کارمەندی خواستن لەو کارەدا، لەو کاتەدا سوودمەند هەر خۆی سەرچاوەکە دەخاتەوە نێو رەفەکان، یاخود لەسەر مێزەکانی خوێندنەوە جێیدەهێڵێت.

**٢- خواستنی دەرەکیی سەرچاوەکانی زانیاریی:**

ئەوە مافێکی خوێنەرە، بەڵام لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك هەلومەرجدا بۆ هەندێك لە هامشۆکەرانی کە دەتوانن زیاتر سەرچاوە بۆ دەرەوەی کتێبخانە بخوازن، ئەوانیش مامۆستاو توێژەران لە کتێبخانە ئەکادیمییەکانو لەو کاتانەدا سەرچاوە نابرێتە دەرەوە تا تۆمار نەکرێنو ماوەی خواستنەکەشی دیاریی نەکرێت، ئەم جۆرەی خواستن کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکیی کاریگەریی لەسەری دەبێت، وەکو:

أ- ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵەی سوودمەندان لە کتێبخانە.

ب- ژمارەی کارمەندانی بەشی خواستن.

ج- قەوارەی کۆمەڵە چاپکراوەکانی نێو کتێبخانە.

**شێوازەکانی خواستن**

**بەپێی تاخچنی (رەفەکانەوە)**

**یەکەم: سیستمی رەفەی کراوە:**

ئەم سیستمە رێگا دەدات بەسەرجەم سوودمەندان کە بچنە ناو کتێبخانەوەو بەناو دۆڵابو رەفەکاندا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی هەر سەرچاوەیەکی کتێبخانە کە بیانەوێت بیخوێننەوە یان بیخوازن، ئەویش دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی سەرچاوەکەو سەرنجدانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

ئەمەش پێویستی بەڕاهێنانی هامشۆکەرانی کتێبخانەیە بۆ چۆنێتی گەیشتن بە رەفەکانو دەرهێنانی کتێبەکانو دانانەوەیان بەرێكو پێکی.

هەروەها دەبێت پانتایی پێویست هەبێت لەنێوان رەفەکاندا تا سوودمەند بتوانێت بەناویاندا بەباشی هاتوچۆ بکات.

سوودی ئەم سیستمە لەوەدایە کە ژمارەی پێویست لە کارمەندانی خواستن کەم بکرێنەوە، هەروەها هانی خوێنەر دەدرێت بۆ هامشۆی بەردەوامی کتێبخانە.

لایەنی نەرێنیشی ئەوەیە کە هۆڵەکانی خوێندنەوە لەگەڵ رەفەکاندا پێکەوەبن، ئەمە بێجگە لەوەی بە ئەنقەست بێ یان نا کتێب هەندێك جار لەشوێنی خۆیاندا دانانرێنەوە، هەرچۆن دەرفەتی دزینی سەرچاوەو لێکردنەوەی لاپەڕەکان زۆرتر دەبێت.

**دووەم: سیستمی رەفەی داخراو:**

هەرگیز رێگا نادرێت بە هامشۆکەری کتێبخانە بچێتە ناو رەفەکانەوەو پیایاندا بگەڕێت، یان لەناویاندا بخوێنێتەوە، بەڵکو لە ئەنکێتی تایبەتدا زانیاریی تەواوی بیبلیۆگرافی سەبارەت کتێبەکەو سەبارەت خۆی تۆمار دەکاتو دەیداتە کارمەندی پسپۆری خواستن، کە لای خۆیەوە بەشوێن کتێبەکەدا دەگەڕێتو دەیدۆزێتەوەو دەیداتە داواکەر، ئەم سیستمە خراپی خۆی هەیەو بەمجۆرە:

خوێنەر کاتێکی زۆری دەوێت بۆ گەڕان لەنێو پێڕستەکانداو پڕکردنەوەی ئەنکێتی خواستن.

کە خوێنەر کتێبی مەبەستی دەستنەکەوێت، ناچار ئەوەی وەری گرتووە دەیگێڕێتەوەو بەشوێن سەرچاوەی دیکەدا دەگەڕێت.

ئەم سیستمە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کارمەندانە، چونکە هەموو کارەکە کارمەند دەیکاتو خوێنەر چاوەڕوانی دەکاتو کاتێکی باشیش دەبات، لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەم سیستمە لایەنی باشیشی هەیە:

شوێنێکی زۆر لە پانتایی نێوان رەفەکان دەگەڕێتەوە، هەرچۆن پێویست ناکات هۆڵەکانی خوێندنەوە لەناو رەفەکاندا بن.

کتێبەکان بەرێكو پێکی لەنێوان رەفەکاندا دادەنرێنەوە چونکە ئەو کارە کارمەندی تایبەت جێبەجێی دەکات.

د. ربحی مصطفی علیان، خدمات المعلومات، عمان، ٢٠١٠.



کتێبخانەی گشتیی مەکسیکۆ

# چۆن کتێبی تازە بخوێنینەوە؟

و. محەمەد کەریم

(ئەماندا راس) کە بەڕای شارەزایان یەکێکە لەکەسە شارەزاو کاریگەرەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لەبواری کتێب و بڵاوکردنەوەدا، لەوتارێکی کورتدا بەسوودوەرگرتن لەئەزموونی چەند ساڵەی خۆی، لەهەڵسەنگاندنی باشترین کتێبەکانی بەریتانیادا چەند پێشنیازو شێوازێکی بۆ هەڵبژاردنی کتێبی باش و شایانی خوێندنەوە خستۆتەڕوو.

بەپێی راپۆرتی (کتاب نیوز) (راس) لەم وتارەدا نوسیویەتی: ساڵانە نزیکەی ١٢٠ هەزار کتێب بڵاودەبێتەوەو لەناو ئەم هەموو کتێبەدا کەمتر کەسێك دەتوانێت بەزانیاری و شارەزایی پێشووی خۆی کتێبێك بۆ خوێندنەوە هەڵبژێرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بەپێشنیازی کەسانی دەوربەری خۆی هەیە بۆ خوێندنەوەی کتێبی باش و گونجاو، یەکێ لەو پێشنیازانەش خوێندنەوەی جۆرە کتێبێکە کە لەوانەی پێشووتر نەچێت کەئەو کەسە خوێندوویەتییەوە.

کاتێ دەتەوێت کتێبێك دەستنیشان بکەیت بۆ خوێندنەوە، دەبێت ئاگات لەوە بێت کەبابەتی کتێبەکە، تەنانەت وشە بەکارهێنراوەکانی ناونیشان و پێشەکی کتێبەکەش لەوانی پێشتر نەچێت کەخوێندووتەتەوە.



بەرگ.. هۆکارێکی سەرنجڕاکێشان

**تەماشای ئەو دیوی بەرگ و وێنەکان بکە**

هەمیشە دەبێت ئەو مەسەلەیەمان لەبیربێت کەبەرگ و وێنەی سەربەرگی کتێب یەکێکن لەهۆکارە فریودەرەکان بۆ دوورکەوتنەوە لەناوەڕۆکی کتێب. هەمیشە بڵاوکەرەوەو نووسەرەکان ناتوانن وێنەیەکی گونجاو بۆ بەرگی کتێبەکانیان بدۆزنەوە و دەستنیشانی بکەن، هەربۆیە خوێنەر دەبێت ئاگای لەو مەسەلەیە بێت کەوێنەی سەر بەرگی کتێب هەمیشەو لەهەموو حاڵەتێکدا گوزراشت لەناوەڕۆکی کتێبەکە ناکات، تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا بڵاوکەرەوە بۆ ڕەونەق پێدان و سەرنج ڕاکێشیی کتێبەکە، بەهەندێك وێنەو نەخش و نیگار ناوەڕۆکی کتێبەکە بەبەرگی جوان دەشارێتەوە. باشتروایە لەهەڵبژاردنی کتێبی باشدا بۆ خوێندنەوە پشت بەهاوڕێ خوێندەوارەکانت ببەستیت و هەمیشە دەبێت ئەوەت لەبیربێت کە وێنەو بەرگی کتێب یەکێکە لە هۆکارە فریودەرەکان بۆ دوورکەوتنەوە لەناوەڕۆکی کتێب.

**بابەتێکی تازە تاقیبکەرەوە**

من پێش ئەوەی بەرنامەی پێشانگای کتێب لەتەلەفزیۆن دەست پێبکەم هیچ کاتێك حەزم لەبابەتی تاوان و تاوانکاریی نەبوو، زیاتر لەفیلمە تەلەفزیۆنییەکاندا لەسەر ئەم بابەتانە تەماشای فیلمی سەرنجڕاکێشم دەکرد، بەڵام کاتێ لەیەکێك لەبەرنامەکاندا لێکۆڵینەوەمان لەسەر یەکێك لەو جۆرە کتێبانە کرد، تێگەیشتم کەچەند حەزم لەو بابەتەیە. هەر کەسێك ڕەنگە چەند حەزو ئارەزوویەکی لەخۆیدا حەشاردا بێت و ئاگای لێیان نەبێت، هەربۆیە باشتروایە لەڕۆژانی جیاوازدا بابەت و ژانری جیاواز تاقیبکەیتەوە بۆئەوەی بزانیت کەژیان بۆ تۆ چەندە ڕەنگ و ڕووی جیاوازی هەیە.

**بیرو بۆچوونی غەریب وەربگرە**

ئاسایی کتێب فرۆشەکان وەکو چەند کەسێکی غەریب دەتوانن جێگەی متمانەبن و لەبازاڕی گەرمی کتێبدا کە لەم ڕۆژگارەدا سوپەرمارکێت و فرۆشگاکانی دیکەش کتێب دەخەنەڕوو و دەیفرۆشن، پێشنیازی ئەم جۆرە کەسانە کە لەکڕینی کتێبدا زیاتر ئاشنای سەلیقەی کڕیارەکانی خۆیانن، بایەخی دەبێت. لەحاڵەتی سوودوەرگرتن لەبیروبۆچوونی کتێب فرۆشەکان باشترە چەند سەعاتێکیان لەلا بەسەربەریت.

ڕەنگە تەنها ڕێگای راستەقینە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کەبابەتی کتێب بۆتۆ بەسوودو پڕ بایەخە ئەوە بێت کە چەند لاپەڕەیەك لەکتێبەکە بخوێنیتەوە. هەربۆیە هەمیشە کتێبخانە باشترین شوێنە بۆ هەڵبژاردنی کتێبی باش.

**هیچ کاتێك لەبەرگەوە بڕیار لەسەر کتێب مەدە**

هەر وەکو وترا ناوەڕۆکی لاوازی هەندێك کتێب بەبەرگی پڕ بریق و باق و سەرنجڕاکێش دەشاردرێتەوە، بەڵام هەندێك لەکتێبە باشەکانیش بەرگ و ڕەنگی بەرگەکەیان باش و سەرنجڕاکێش نییەو ناتوانی لەسەر بەرگەکەوە بڕیار لەناوەڕۆکیان بدەی، بۆیە هەمیشە دەبێ چەند لاپەڕەیەکیان لێ بخوێنیتەوە بۆئەوەی کورتەیەکت دەستبکەوێت سەبارەت بەکتێبەکە یان پێشەکی نووسەر بخوێنیتەوە سەبارەت بەناوەڕۆکی کتێبەکە، ئەوسا ببینیت ئایا ئەو کتێبە بەهای ئەوەی هەیە بیخوێنیتەوەو کاتی خۆتی پێوە بکوژیت یان نا؟

**پێش کڕین کەمێك لەکتێبەکە بخوێنەرەوە**

ڕەنگە تەنها ڕێگەی راستەقینە بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ناوەڕۆکی کتێبەکە بۆتۆ بەسوودەو بایەخی هەیە، خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك بێت لەکتێبەکە، هەر بۆیە هەمیشە کتێبخانە باشترین جێگایە بۆ هەڵبژاردنی کتێبی باش. بۆیە باشتروایە بەر لەوەی بڕیار بدەین سێ هەفتە یان زیاتر لەکاتی خۆت بۆ خوێندنەوەی کتێبێك تەرخان بکەیت و لەناوەڕۆك و زاراوەی گونجاوی بەکارهێنراوی ناو کتێبەکە دڵنیابیت و ببینیت ئایا تاقەتی ئەوەت هەیە بەشوێن ڕووداوەکانی کتێبەکەدا بچیت.



خوێندنەوە روانگەی مرۆڤ سەبارەت بە دەوروبەری دەگۆڕێت

با ئەوەت لەیاد نەچێت کەکتێب یەکێکە لەهەرزانترین هۆکارەکانی کات بەسەربردنت کە بیروبۆچوون و روانگەی مرۆڤ سەبارەت بەبابەت و شتەکانی دەوروبەری دەگۆڕێت، هەمیشە بەخوێندنەوەی کتێب شتی زیاتر لەچاوپێکەوتن و یەکتربینی هاوڕێیان و دەوروبەری خۆمان فێردەبین.

**سەرچاوە/ تبیان نیت**

# ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانە گشتییەکان

# خەمێك بۆ سەرچاوە زانستی و ئەکادیمییەکان

عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە*

لەبەرئەوەی کتێبخانە بە گشتیو بە هەموو بەشەکانیەوە بۆتە یەکێك لە سەرچاوەو کۆگای سەرچاوە سەرەکییەکانی زانستو مەعریفەو مەرجەعی بەشێکی زۆر لە خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنو بۆ توێژەرانو لێکۆڵیارانیش بە هەمان شێوە، بۆیە ئاوەدانکردنەوەی بە سەرچاوەی پێویست ئەرکی هەموومانە، لە تاکێکی ئاساییەوە تا دەگاتە کۆمەڵو حیزب و سەندیکاو ڕێکخراوەکانو حکومەتو دامەزروەکانیشی بە تایبەتی.

ڕاستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرپرسی یەکەمو ڕاستەوخۆیە لە ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەکانیدا بە سەرچاوەی پێویست، بەڵام دەکرێت کەسو لایەنی تریش لەو ئەرکەدا هاوکار بن، بە تایبەتی ئەو دامەزراوانەی کە خۆیان بێت یان کارمەندانو بەشدارانیان، بەردەوام پێویستیان بەسەرچاوەی تایبەتی بواری کارو خوێندنیان هەیە، وەك زانکۆو پەیمانگاو ڕێکخراوە ئەکادیمییەکانو هەموو ئەو نێوەندانەی کارمەندی زانستیو تەکنیکی ئیشیان تێدا دەکەن.

ئەگەر سەرنجێك بدەینە پرسی بوونو نەبوون یان کەمیی هەندێ سەرچاوە، بە تایبەتی سەرچاوە زانستییەکان، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە تا چەندە دەتوانین لە چارسەرکردنی ئەو کەموکورتیەدا ڕۆڵمان هەبێت، تا چەندە هۆکاری ئەو خەمو ناسۆرەین کە خوێندکارێکی بواری ژمێریاری، ئابووری، بازرگانی و ئەلیکترۆنی و زانیارییەکانو زانستە مرۆییەکانی تر دەچنە کتێبخانەکانو دەستیان ناکەوێتو داوای ڕاپۆرت، یان توێژینەوەیشیان لێکراوە، لە کاتێکدا دەکرێت بە کەمترین هەوڵی تاکە کەسی بێت یان دامەزراوەیی بەشێکی زۆر لەو خەمو ناسۆرەی خوێندکاران کەمبکرێتەوە. ئەمە بانگەوازێکە بۆ نووسەران، وەرگێڕەکان، خاوەن کتێبخانە تایبەتو تەنانەت دەزگاییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، سەندیکاکانی ئابووریو بازرگانیو ژمێریاریو ..هتد، کە بێگومان دەبێ بەشدار بن لە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمیدا هەن. چونکە بە تەنها پشتبەستن بە حکومەت لە وەزارەتێکی وەك ڕۆشنبیریدا ڕەنگە وەك پێویست خەمی خوێندکارانمان بۆ پڕ نەکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی هەر بۆ خۆی سەرچاوەی زانستیو ئەکادیمی بە کوردی کەم چاپ دەکرێت، کەمتریش وەردەگێڕدرێت، ئیدی لێرەوە ئەرکی مرۆییانەی هاووڵاتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەکان بەو سەرچاوە زانستییانە دەبێتە دیفاکتۆیەك کە دەبێ ئیشی لەسەر بکرێتو خەمی بخورێت، بە تایبەتی لەکاتی کردنەوەی پێشانگەی کتێبو چوونە دەرەوەی هەرێمدا، یان لە پاش کۆچی دوایی هەر کەسێك کە کتێخانەی هەیەو نەوەکانی سوودێکی ئەوتۆی لێ نابینن، یان بە کڕینی سەرچاوەی زانستیو ئەکادیمیو بە دیاریکردنیان بۆ کتێبخانە گشتییەکان ئەرکی هاووڵاتیبوونی خۆیان بەجێبگەیێنو لە نەهێشتنی ئەو جۆرە کەموکورتیانەدا هاوکار بن.



هۆڵی گۆران لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

من وەك کارمەندی یەکێك لە کتێبخانە گشتییەکان، هیواداربووم ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستەی کارگێڕی زانکۆ، پەیمانگە، سەندیکایەکی پیشەیی زانستی، ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی، دایكو باوکی خوێندکارێك لەوانەی ڕۆڵەکانیان عەودالی سەرچاوەن، هاووڵاتیەك، سەردانی بکردینایەو لایکەمی پرۆژەو پێشنیازی پێشکەش بکردینایە، هاودەمی خەمی ئێمەو هەموو ئەوانەیش بوونایە کە خەمی ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانە گشتییەکانیانە، بێگومان دەشێت ئێمەیش وەك کتێبخانە لە ڕووی پەیوەندی کردنەوە بەو کەسو لایەنو نێوەندانە کەموکوڕیتیمان هەبێتو هیوادارم پرسەکان ڕاست بکرێنەوە.

*کارمەندی کتێبخانەی گشتیی بازیان.



# باشترین کتێبی ساڵی ٢٠١٠

و. بەختیار قادر

لاپەڕە رۆشنبیرییەکانی نێو رۆژنامە بەناوبانگەکان، دەستیانکردوە بە هەڵبژاردنی باشترین کتێبی ساڵی ٢٠١٠، کە تیایدا سەرجەم بوارەکان خراونەتە روو، ئەوانیش: رۆمان، کورتە چیرۆك، مێژوو، ژیاننامە، زانست، لەگەڵ چاپکراوی تایبەت بۆ منداڵان.

لە ئەمریکاو ئەوروپا رۆژانە دەیان کتێب بڵاودەبنەوە، دوای سەرنجدانی هەڵبژاردنی رۆژنامەکان، دەبینین رۆمانی(ئازادی)ی جرناسان فرانزین لەپلەی یەکەمی زۆربەی لیستەکانی(باشترین کتێب)دایەو لەلایەن سەرجەم رەخنەگرانەوە گەرمترین پێشوازیی لێکراوە، بێجگە لە رۆمانی ئازادی، لەنێو رۆژنامەکاندا لیستەی(نیویۆرك تایمز)مان هەڵبژاردوە کە(باشترین کتێبی ٢٠١٠) دیاری دەکەن.

ئەوانیش بریتین لە:

**١- چیرۆکەکانی نیویۆرکی**
**نووسینی: ئان بیتی**

ئەم کتێبە لە ٤٨ چیرۆك پێکهاتووە لە ساڵانی١٩٧٤–٢٠٠٦دا لە گۆڤاری(نیویورکەر)ی ئەدەبیدا بلاوبوونەتەوە، ئەو ژنە نووسەرە لە کورتە چیرۆکەکانیدا باسی لە نەوەی شەستەکان کردوە، هەڵوێستو دەنگیان، خواستو گرفتەکانیانو ژیانی ئابوورییان، نووسەر هەموو چیرۆکەکانی بەشێوەیەکی زیرەکانەو زمانێکی رەوان نووسیوە.

**٢- ژوور**
**نووسینی: ئیما دۆتۆگۆ**

بەهۆی شێوازی دارشتنیەوە، ئەم رۆمانە کارێکی ناوازەیە، باسی منداڵێك دەکات کە لەگەڵ دایکیدا لە ژوورێکی ١١X١١پێیدا دەستبەسەر کراون، خوێنەر رووبەڕووی حاڵەتی تەمومژاویی نێوان لەناوچوونو نەستی پەنگخواردوو دەبێتەوە، گێڕانەوەی بەشێوەیەکی زیندووە، خاتوو ئیما لەرێی رۆمانەکەیەوە گوزارشت لە هێما سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان دەکاتەوە، پێکەوە گوزارشت لە دڵشادیو مەترسیی دەکات، ئەو جووتە هەستەی کە دەشێت لەیەك کاتدا پێکەوەبن.

**٣- چیرۆکی هەڵبژاردە**
**نووسینی: ویلیام تیرفۆر**

ئەم کۆمەڵەیە باشترین چیرۆکی(تیرفۆرن)ن لەچاو هەر چوار کۆمەڵە چیرۆکەکەی لەوەوبەری، دوای خوێندنەوەی ئەوە دەسەلمێت کە بۆچی لە دەیان ساڵی رابردوودا خوێنەران بە پەرۆشەوە چیرۆکی ئەویان خوێندووەتەوەو سەرسام بوون پێی.

رووداوی زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە(ئێرلەندەو ئینگلتەرە)دان، نووسەر بەمیتۆدە پێگەیشتووەکەی خۆی توانیویە شێوازی ژیانی کۆن کە داهاتوو دەنەخشێنێ؛ بخاتە روو، شێوازی ئەم نووسەرە نەنوێیەو نەکۆنە، بەڵام چیرۆکەکانی لەگەڵ رۆژگاردا هەر دەمێننەوە.

**٤- سەردانێك لە گروپێکی کۆنەوە**
**نووسینی: جینیفەر ئیڤان**

ئەم رۆمانە باس لە موزیکی(رۆڵ ئان رۆڵ) دەکات، ئەویش لەڕێی بەرهەمهێنی تۆمارە موزیکییەکانەوەو ئەو خەڵکەی کە بوونەتە پێکهێنەری جیهانی ئەو. رۆمانەکە سەربوردەی ٤٠ ساڵ دەگێڕێتەوەو کاراکتەرەکانیش ١٣ کەسن، کە هەر یەکەیان حەکایەتو دنیابینینی خۆیان هەیە.

**٥- فریشتەکانی ئۆبلۆ**
**نووسینی: جینیفەر هۆمانز**

ئەم کتێبە مێژووی بالیەی کلاسیکی دەگرێتەوە لە زیاتر لە چوار سەدەدا، شۆڕشی فەڕەنسی، شانۆی رووسیا لە ساڵانی شەڕی سارددا، کە تیایدا بالیە بوو بووە پێناسەی روناکبیریی کۆمەڵگا، نووسەر باس لە گەشەی ئەو هونەرە دەکاتو دواجار دەپرسێ ئاخۆ بالیە لە توانایدا ماوە لە سەدەی بیستو یەکەمیشدا هەر بەردەوام بێت.

**٦- ژیانی کیلۆپاترا**
**نووسینی: ستیشی شیف**

ئەو خانمە نووسەرە، توانیویە بە زیرەکیو شێوازە تایبەتەکەی خۆی ٢٠٠٠ساڵ بگەڕێتەوە بۆ لەوەوبەر، بۆ سەردەمێك کە زۆربەی لەسەر نووسراوەو هاوکات هەڵەی زۆریشی دەربارە وتراوە، دوای توێژینەوەی قووڵی راستیی ژیانی ئەو شاژنەی باسکردوە کە سەردەمانێك فەرمانڕەوای میسر بووە.

**٧- شێرپەنجە..ئیمپراتۆری هەموو نەخۆشییەکان**
**نووسینی: سیدهار تاموخیرجی**

نووسەر باس لە مێژووی نەخۆشی شێرپەنجەو جەنگی رووبەڕوو بوونەوەی کردوە، هەرچۆن لە ئەزموونی پزیشکیی خۆی دواوە لە چارەسەری سەدان قوربانیی ئەو نەخۆشییەدا، هاوکات ئامرازە زانستییەکانی چارەسەریشی خستووەتە بەرچاو.

**٨- دوا دەستێوەدانی شەپقەیەك**
**نووسنی: ستیڤن سوندهالیم**

کۆمەڵێ شیعری لیریکی شاعیرە کە لەساڵانی (١٩٥٤–١٩٨١) نووسیونی، شیعرەکان وانەیەکن بۆ هەر کەسێك ئارەزووی بێت لەو ژانرە بنووسێت.

ئەو شاعیرە بەوەش ناسراوە، کە گۆرانیی بۆ چەندین شانۆگەریی نووسیوە، لەوانە(چیرۆکی گەڕەکی خۆرئاوا)و (سوینی تود)، شانۆنامەکانیشی لە زۆربەی شانۆ جیهانییەکاندا نمایش کراونو بەردەوامیش سەرکەوتن بەدەستدێنن.

**٩- گەرمایی خۆرەکانی تر**
**نووسینی: ئیزابیل ویلیکیرسون**

ئەو ژنە نووسەرە پەیامنێری لەوەوبەری (تایمز) بوو، کتێبەکەی باسی کۆڕەوی شەش ملیۆن ئەفریقیو ئەمریکی دەکات لە باشوورەوە بۆ باکوور لە ساڵانی ١٩١٥تا ١٩١٧، ئەم کتێبە زانیاریی وردی تیایە لەسەر ئەو رەوە، ئەویش لەڕێی رەوی سێ کەسەوە لەرەشەکان، بەو هەموو گرفتەیان کە هاتووەتە رێگایان تا گەیشتوونەتە شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێیان.

**١٠- ئازادی**
**نووسینی: جرناسان فرانزین**

ئەو رۆمانەی کە لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

اوراق المدى










ئیما دۆتۆگۆ | ویلیام تیرفۆر | فریشتەکانی ئۆبلۆ | ژیانی کیلۆپاترا | ستیڤن سوندهالیم | ئیزابیل ویلیکیرسون

# پایتەختی جیهانیی کتێب

ئا. ئیدریس محمەد سادق

هاوکات لەگەڵ رۆژی جیهانیی کتێب لە(٢٣)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا، لەم ڕێککەوتەدا شارێك لە سەر ئاستی جیهان لە لایەن رێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە (پایتەختی کتێب) هەڵدەبژێردرێت، دوای بە دەستهێنانی سەرکەوتنی شارەکە لە ئەنجامی پێشبڕکێکردندا لەگەڵ شارەکانی تری وڵاتانی جیهان لە سەر بنەمای زۆری دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەو ئازادی و سەربەستی نووسین و گوزارشتکردن و پیشەی چاپەمەنیی کتێب، وڵاتانی جیهان بەشدارییەکی بەرچاو دەکەن لە پێشبڕکێکردنی بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی نازناوی پایتەختی کتێب، بە تایبەتی لە رێگەی ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە جیهانی کتێبەوە هەیە، کە یەکێتی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی و یەکێتی پەیوەندیی کتێبخانەکانو یەکێتی نێودەوڵەتی فرۆشیارانی کتێب دەگرێتەوە، بۆ ساڵی ٢٠١٠ (لۆبلیانا)ی پایتەختی سلۆفینیا بەپایتەختی جیهانیی کتێب هەڵبژێردرا.

ئەم خشتەیەی خوارەوە پایتەختەکانی جیهانی کتێب لەساڵی ٢٠٠١ تا٢٠١٠ پیشان دەدات:

| ژ | نازناوی پایتەختی جیهانی کتێب | ساڵی |
|---|---|---|
| ١ | مەدرید | ٢٠٠١ |
| ٢ | ئەسکەندەرییە | ٢٠٠٢ |
| ٣ | نیودەلهی | ٢٠٠٣ |
| ٤ | ئەنیفەر | ٢٠٠٤ |
| ٥ | مونتریال | ٢٠٠٥ |
| ٦ | تورینو | ٢٠٠٦ |
| ٧ | بوغوتا | ٢٠٠٧ |
| ٨ | ئەمستردام | ٢٠٠٨ |
| ٩ | بەیروت | ٢٠٠٩ |
| ١٠ | لۆبلیانا | ٢٠١٠ |

ئەوەی ماوەتەوەو جێگەی ئاماژە پێکردنە پێشبینی دەکرێ بوینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتین بۆ ساڵی ٢٠١١ نازناوی پایتەختی جیهانی کتێب بەدەست بهێنێت .

www.unesco.org


بەیروت


بوینس ئایرس

# كتێبیش وەك مرۆڤ هەناسە دەدات

نەورۆز شەوكەت



لە دایك بوونی نووسین وەرچەرخانێكی مەزن بوو لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، تا ئەو رادەیەی كە مێژوو بوو بە دوو كەرتی نا یەكسانەوە، كەرتی یەكەم قۆناغەكانی پێش مێژووە، واتە ئەو سەردەمانەی كە مرۆڤ بە بێ نووسین‌و شارستانێتی تێیپەڕاندون، كەرتی دووەمیش قۆناغی مێژووە كە لە داهێنانی نووسینەوە دەست پێدەكات، واتە مێژووی راستەقینەی شارستانێتی مرۆڤایەتی لە نووسینەوە دەست پێبكات، لەدایك بوونی نووسین واتە لەدایك بوونی كتێب، كتێب ئەو ئاوێنە شارستانیە بوو كە مرۆڤ توانی بوونی خۆی لەناو دێڕەكانیدا بنووسێتەوەو پاشان بە دیدێكی تر خودی خۆی بخوێنێتەوە، لێرەوە خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ ژیان.. بۆ بوون.. بۆ خودی مرۆڤ هاتە كایەوە.

بەم پێیەش هەروەك چۆن كتێب قۆناغی نوێی بۆ مرۆڤایەتی دروست كرد بە هەمان شێوەش پێویستە كتێب قۆناغی نوێ لە ژیانی هەریەك لە ئێمەی خوێنەردا دروست بكات، باشترین كتێبیش ئەو كتێبەیە كە مرۆڤ لە ناخەوە بگۆڕێت‌و هەست بكات بیروبۆچوونی پاش خوێندنەوەكەی جیاوازە لە بیروبۆچوونی پێش خوێندنەوەكەی، تێڕوانینێكی جیاوازی بۆ ژیان بداتێ تا ئەو رادەیەی كە كار بكاتە سەر هەڵسوكەوت‌و مامەڵەكردنی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا.

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ كتێب كراوە، نووسەری ناوداری عەرب (الجاحظ) دەڵێت: كتێب ئەو دەفرەیە كە لێوان لێوە لە زانست؟ یاخود ئەو باخچە رازاوەیەیە كە هەندێك جار لەناو توورەكەیەكدا هەڵدەگیرێت، كتێب چۆن دەتوانێت بتگرێنێت هەر بەو جۆرەش دەتخاتە پێكەنین، واتلێدەكات ئەو چۆنی بوێت تۆ وا بدوێیت، ئەو زمانی نیە بەلآم لە سەر زمانی تۆوە دەدوێت..

زۆرجاریش دەوترێت كتێب باشترین هاورێی مرۆڤە، بەم پێیەش مرۆڤ بەبێ كتێب دلسۆزترین هاورێی لە دەست دەدات‌و خۆی لە تەنگژەیەكی رۆشنبیری ئەوتۆدا دەبینێتەوە كە مەگەر هەر خودی كتێب بتوانێت چارەسەری بكات..

بەلآم ئەگەر خودی ئەو هاورێیەمان كەوتە تەنگژەوە ئایا ئێمەی مرۆڤ رووەو چ نشێوێكی نەزانین هەنگاو دەنێین؟ راستە كتێب بە درێژایی مێژوو تووشی چەندین تەنگژەو نسكۆ بۆتەوە، هەر لەو كاتانەی سەردەمی یۆنان كە كتێب‌و نووسەری كتێبەكەشیان پێكەوە دەسووتاند، تا هێرشەكەی سوپای مەغۆل بۆ سەر شاری بەغداد كەوا بلآوە زۆربەی هەرە زۆری كتێبە عەرەبیەكان‌و كتێبە وەرگێڕدراوەكانیشیان خستۆتە رووباری دیجلەوە بە جۆرێك كە مەرەكەبی كتێبەكان ئاوی رووبارەكەیان رەش كردوە، ئەمەش ئاماژەیە بە زۆری ژمارەی كتێبەكان.. هەروەها تا سوتاندنی نزیكەی ٧٣٢ كتێبخانە لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا لە لایەن ئەڵمانیە نازییەكانەوە هەر لە یەكەم سێ رۆژی داگیركردنی پاریسەوە كە تێیدا نزیكەی ملیۆنێك‌و سەدو دە هەزار كتێب سوتێنرا، بێگومان نزیكی ئەو ژمارەیەش لە خودی ئەڵمانیادا سوتا لە ئەنجامی ئەو هێرشە بەردەوامانەی كەلەلایەن فڕۆكەكانی هاوپەیمانەكانەوە لە جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەمانەو سەدان نسكۆی تر كە كتێبخانەكان لە مێژوودا بە خۆیانەوە بینیوە..

سەرەڕای ئەمانەش كتێب توانی سەرلە نوێ دوای ئەو تەنگژە مێژووییانە هەناسە بداتەوەو بژێتەوە، چونكە مرۆڤ ئالودەی كتێب بووەو نەیتوانیوە دەستبەرداری ببێت، تەنانەت ئەگەر سەرجەم هەموو كتێبەكانی دونیاش بسوتایە مرۆڤ سەرلە نوێ دەستی دەدایەوە كتێب نووسین‌و كتێبخانەی دروست دەكردەوە، بۆیە كتێب هەرگیز بە سووتاندن نامرێت، هەروەك گەورە شاعیری ئەمریكی ئیمرسۆن دەڵێت: (هەركاتێك كتێبێك دەسوتێت جیهانێك رووناك دەبێتەوە).

كتێب كاتێك دەمرێت كە مرۆڤ ئەو ئالودە بوونەی بۆی نەمێنێت، كاتێك دوو توێی كتێب نەكاتەوە تا بۆی بدوێت، ئەوكاتەی مرۆڤ دەست بەرداری عەشقی كتێب دەبێت ئەو كاتە كتێب بەرەو مردن دەچێت، چونكە كتێب ناتوانێت بەبێ عەشقی خوێنەر بژی.

ئەو گەلەی كە دەمی كتێبەكان ناكاتەوە ئەوا هەناسەیان لێدەبڕێت، چونكە كتێبیش وەك مرۆڤ بە دەم كردنەوە هەناسە دەدات.. كێشەی كتێب لێرەوە سەر هەڵدەدات، مرۆڤەكانی ئەم سەردەمە كەمتر لە كارەكانی تریان بەلای خوێندنەوەدا دەچن، هۆكارو پێداویستیەكانی ژیان هێندە زۆرو ئالۆز بوون كتێب لە ناویاندا بۆتە كالآیەكی ناسەرەكی بۆ ژیان، لە لایەكی دیكەوە ئالودە بوونی مرۆڤ بە تەلەفزیۆن‌و ئینتەرنیت (بۆ كارەكانی بەدەر لە خوێندنەوە) تۆزی نیشتووی سەر بەرگی كتێبەكانی زیاتر كردووە، من لە جیاتی رۆمانێك بخوێنمەوە دەچم سەیری ئەو فیلمە دەكەم كە هەمان ئەو رۆمانەیەو كراوەتە فیلم.. بۆیە نووسەرێكی بەناوبانگی وەك ماركیز یەك ملیۆن دۆلاری رەت كردەوە لە بەرامبەر ئەوەی كە یەكێك لە رۆمانەكانی بكرێت بە فیلم، ئەو وتی گەر رێگە بەوە بدەم ئەوا رۆمانەكەی خۆم دەكوژم..

راستە ئێستا پەیوەندیەكی توندو تۆڵ لە نێوان كتێبەكان‌و رووپەرەكانی ئینتەرنێتدا هەیەو وەختە ئینتەرنێت سەرجەم كتێبەكان لە ئامێز بگریت، بەلآم نابێت ئەوە لە یادكەین كە پەڕەی كتێبەكان وەك چۆن هاورێی دڵ‌و مێشكمانن هەر بەو شێوەیەش هاورێی چاوەكانمانن، بۆیە چاوەكانمان هەست بە هیلاك بوونێكی ئەوتۆ ناكەن لە كاتی خوێندنەوەی كتێبەكاندا وەك ئەو هیلاك بوونەی كە هەستی پێدەكەین لە خوێندنەوەی هەمان پەڕەی كتێبێك لەسەر شاشەی مۆنیتەری كۆمپیوتەرێك، كەواتە ئینتەرنێت ئەگەر بتوانێت سەرجەم كتێبەكانی دونیا لەناو خۆیدا هەڵبگرێت ئەوا ناتوانێت رۆحیەتی كتێبەكەو لەزەتی خوێندنەوەی بگەیەنێت بە خوێنەر..

بۆیە دەڵێم كتێب ئەمڕۆ لە سەرەتای تەگژەیەكدایە پێویستە نەهێڵین كتێبەكان دەمیان بۆ هەتاهەتایی دابخەن‌و نەتوانن هەناسە بدەن.

سەرچاوەكان

١- المحاسن والأضداد، الجاحظ، دار مكتبة العرفان، بيروت.

٢- سياحة تراجيدية في تأريخ تدمير الكتب، لطيفة الدليمي، صحيفة النهار العدد٧٨ سنة ٢٠١٠.

٣- معارك المغول الكبرى في بلاد الشام، أكرم حسن العلبي، دار المأمون للتراث، دمشق ١٩٨٨م.

٤- تاريخ الحضارة الإسلامية، بارتولد. ف، ترجمة حمزة طاهر، الطبعة الثانية، دار المعارف، مصر.

# پۆڵێنكردن لە كتێبخانەی منداڵاندا

شێرزاد سەعید محەمەد



قۆناغی منداڵی قۆناغێكی گرنگ‌و هەستیارە، چونكە ئەم قۆناغە كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دروستكردنی كەسایەتی تاكەكان لەهەموو لایەنەكانی جەستەیی‌و ژیری‌و كۆمەڵایەتی‌و دەروونی، واتە خاڵی گەشەسەندن‌و دروستبوونی دوارۆژی منداڵە، بۆیە پێویستە گرنگی زۆر بدرێت بەم قۆناغەو هەموو پێداویستیەكانی بۆ دابینبكرێت بەمەبەستی گەشەسەندنێكی دروست لە هەموو لایەنەكانەوە.

كتێبخانەی منداڵان بەیەكێك لەدامەزراوە پەروەردەیی و رۆشنبیرییەكان و كۆمەڵایەتییەكان دادەنرێت كە منداڵ لەسەرەتای ژیانەوە ئاشنایان دەبێت، زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتوو گرنگی زۆریانداوە بەكتێبخانەی منداڵان وەك ویستگەیەكی پەروەردەیی، وە هەوڵیانداوە هەموو پێداویستیەكانی بۆ دابین بكەن لەسەرچاوە بەسوودەكان و كادیری مرۆیی پسپۆڕو شارەزا لە بواری زانستی زانیارییەكان و كتێبخانەو پەروەردەو فێركردن هەروەها پشتگیری ماددی و مەعنەوی.

هەرچەندە ئەمجۆرە خزمەتگوزاریانە نوێن، بەبەراورد لەگەڵ خزمەتگوزاریەكانی تری كتێبخانە، كە ئەم جۆرەیان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هاتۆتە بواری جێبەجێكردنەوە، بەلآم لەهەندێ وڵاتدا خزمەتگوزاری كتێبخانەی منداڵان لەپێش خزمەتگوزاری كتێبخانەی گشتی و تایبەتمەندەكانە، بەتایبەتی لەوڵاتانی (ئەسكەندەنافی).

یەكێك لەو خزمەتگوزاریانەی كە پێویستە پێشكەش بكرێت لە كتێبخانەی منداڵاندا خزمەتگوزاری (پۆلێن)كردنە.

دیارە مەبەستیش لە پۆڵێنكردن بۆ هێنانە دی دوو ئامانجە:-

١- بۆئەوەی سەرچاوەكانی كتێبخانە بەشێوەیەكی رێكوپێك رێك بخرێت.

٢- بۆ ئاسان بەدەستگەیشتنەوەی ئەو سەرچاوانەیە بەدەستی خوێنەران‌و ئاشناكردنی منداڵان بەزانستی پۆڵێنكردن هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە.

بەلآم سەبارەت بە پۆڵێنكردنی سەرچاوەكانی كتێبخانەی منداڵان چەند بۆ چوونێك هەیە لەلای توێژەران و لێكۆڵەرەوانی بواری سیستمەكانی پۆڵێن لەوانە:-

ا- پۆڵێنكردن بەپێی تەمەن: واتە ریكخستنی سەرچاوەكان بەپێ‌ی ئاستی تەمەنی منداڵ، بۆ نموونە تایبەتكردنی بەشێك لەو سەرچاوانە كە ئاسانەو وێنەی زۆری تێدایە بۆئەو منداڵانەی كە تەمەنیان لەخوار (٨)ساڵانەوەیە.دواتر تایبەتكردنی بەشێكی تر بەو منداڵانەی كەتەمەنیان لە خوار(١٢) ساڵانەوەیە، دواتر تایبەتكردنی بەشێكی تری ئەو سەرچاوانە بەو منداڵانەی كە تەمەنیان لە سەرووی (١٢)ساڵانەوەیە. بەلآم هەندێ توێژەران ئەم شێوازە بەراست دانانێن چونكە زۆر منداڵ هەیە ئاستی زیرەكیان پێش تەمەنیان دەكەوێت.

ب- پۆڵینكردن بەپێی ڕەنگ: هەندێك كتێبخانەهەن كە سەرچاوەكانیان بەپێی ڕەنگ پۆڵێن دەكەن، بەپێی گرنگیدان بەبابەتەكانیان، ئەمجۆرە پۆڵێنكردنە تەنها سوودێكی ڕواڵەتی دەبێت بۆ كتێبخانەو خوێنەر.

ج- پۆڵێنكردن بەپێی ناوی نووسەرەكان: لەمجۆرە پۆڵێكردنەدا سەرچاوەكانی نووسەرێكی دیاریكراو لە شوێنێكدا كۆدەكرێنەوەو رێكدەخرێن، بەبێ گرنگیدان بەبابەتەكانیان، دواتر بەپێی پیتەكانی ئەلف بێ بەناوی نوسەرەكانیان ریكدەخرێن، لایەنە خراپەكانی ئەمجۆرە پۆڵێكردنە ئەمانەی خوارەوەن:

- هەندێك سەرچاوە هەیە چەند نووسەرێكی هەیە، ئایا بەناوی كام نووسەرە سەرچاوەكان رێكدەخەیت.

- هەندێ سەرچاوە نووسەرێكی دیاری نیە وەك فەرهەنگ و ئینسایكلۆپیدییەكان، كە دەزگا گەورەكان دەریان دەكەن.

- زۆربەی سەرچاوەكان زیاتر بەناونیشان ناسراون، وەك لەوەی بەناوی نووسەرەكانیان ناسراوبن.

د- پۆڵێن بەپێی زنجیرەكان: زۆربەی كتێبەكانی منداڵان بەپێ‌ی زنجیرە دەردەچن، وەك ( بابەتەكانی یاداشت، چیرۆك، زانست، ئایین) بۆیە هەندێك لە تایبەتمەندەكانی بواری كتێبخانە پێیان باشە كە سەرچاوەكانی كتێبخانەی منداڵان بەپێ‌ی زنجیرەكانیان پۆڵێن بكرێن، بەلآم ئەم شێوازەش خراپی خۆی هەیە لەوانە:

- زۆر لە سەرچاوەكان زنجیرەیان نییە.

- زۆرجار زنجیرەكان هەموو لە كتێبخانەیەكدا دەست ناكەوێت.

-زۆرجار ناوی زنجیرەكان دەگۆڕدرێت.

هـ- پۆڵێن كردن بەپێی ئەو سیستمەی كە سەرچاوەكانی تایبەت بە خوێنەرە گەورەكانی پێ پۆڵێنكراوە:

بەلآم ئەمجۆرە پۆڵێنە گونجاو نیە بۆ منداڵان ، چونكە منداڵان شارەزاییان نییە لەمجۆرە سیستمانە، هەروەها ئەمجۆرە سیستمانە لقی زۆریان لێدەبێتەوە كە بۆ منداڵان ئالۆزە.

و- پۆڵێن بە پێی ژمارەو رەنگ: لەمجۆرە پۆڵێكردنانەدا لەگەڵ ژمارەكانی پۆڵێن رەنگیش بەكاردەهێنرێت. ئەمجۆرە پۆڵێكردنانە بە گونجاوترین شێوازەكانی پۆڵێكردن دادەنرێت لە كتێبخانەكانی منداڵاندا، لەلایەك منداڵ بە هۆی رەنگەكانەوە شارەزای بابەتەكان و هەروەها شارەزای ژمارەكانی پۆڵێنیش دەبێت، ئەمەش بەسەرەتایەكی باش دادەنرێت كە منداڵان لەو قۆناغەی تەمەنیاندا شارەزای هێماكانی پۆڵین ببن، بۆ ئەوەی لە قۆناغەكانی دواتردا شارەزای وردەكارییەكانی هێماكانی پۆڵێنكردن ببن. بەتایبەتی كە منداڵان لەم تەمەنەدا مێشكێكی ئامادەباشی تەواوی هەیە بۆ فێربوونی زانستە نوێیەكانی چواردەوری.

لێرەوە تێدەگەین كە كتێبخانەكانی منداڵانیش پێویستیان بە پۆڵێنكردن هەیە، پۆڵێنێكی لۆژیكی بابەتی، دواتریش بەهۆی رەنگەكانەوە.

دەركەوتووە كە خشتەی یەكەمی (پۆڵێنی ملڤل دیوی) كە دە بەشی سەرەكییە لەگەڵ بەكارهێنانی رەنگەكان، گونجاوترین سیستمە تا ئەمڕۆمان، بۆ پۆڵێنكردنی كتێبخانەی منداڵان، كە لە زۆربەی كتێبخانەكانی منداڵانی ئەمەریكاو بەریتانیا بەشێكی زۆری وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەكاردەهێنرێت.

سەرچاوەكان

١- اتيم، محمود. دليل مكتبة العامة و مكتبة الاطفال.- عمان: دار اليلزوري، ٢٠٠٥. ٢٥٥ص.

٢- سمير، هنادة. مكتبات الاطفال ومكتبات المدرسية. مجلة العربية. س٣، ع١، ٢٠٠٢ . ص ٦٨-٧٤.

٣- عليان، ربحي مصطفى. مكتبات الاطفال. عمان : دار الجريرة، ٢٠٠٩. ٤٢٩ ص.

# پەتای نەخوێندنەوەی کتێب پەرەی سەندووە

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ*

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو، ڕێژەی بەرزی خوێندەواریو ئاستی رۆشنبیری تاکەکانیەتی، چونکە هەرگیز نەبووەو نابێت بە کۆمەڵگایەك بووترێت گەشەسەندوو یان کراوەو پێشکەوتوو کەچی نیوەی دانیشتوانەکەی یان ڕێژەی بەرز لە هاووڵاتیانی نەخوێندەوارو نەزان بن.. بەجۆرێك کە نەتوانن رۆژی تەنها یەك کاتژمێر تەرخان بکەن بۆ خوێندەنەوەی کتێبێك یان گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك جا لەرێی کاغەزەوە بێت یان ئینتەرنێتەوە.

دیاردەی نەخوێندنەوە لەم چرکەساتەداو لە کۆمەڵگاکەماندا دەگوزەرێت، لە کاتێکدا لە میدیاکانەوە باس لە پێشکەوتنو بە دوبەیکردنی شارەکان دەکرێت. یان باس لە هێنانی سیستمی خوێندنو فێرکردنی سویدیو میتۆدەکەیو پیادەکردنی دەکرێت یاخود باس لە ژمارەو چەندێتی زانکۆو ئامۆژگاکانی دوای راپەڕین دەکرێت، بەڵام لەگەڵ قووڵبوونەوە یاخود تێڕوانین لە چۆنیەتیو کوالیتی ئەم سیستمەدا، پێچەوانەکەی دەبینینەوەو دەتوانین ئاوەهاش ئەم دیاردەیە بسەلمێنین: سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە سیستمی فێرکردنو پەروەردە کلاسیکییەو خەڵکی ئاست نزمو کلاسیكو سوننەتی پراکتیکی دەکەن، بۆیە تاکێك بەرهەمدێت کە ئاستی زانستیو مەعریفی نزیکدەبێتەوە لە نەخوێندەوار، چونکە خوێندکاری کورد لە رۆتینی وەرگرتنی وانەکانداو شێوازی دەرخو ئەزبەرکردن نوغرۆو سەرگەردانە، خوێندکارێکە نە لەزمانو نە لە ماتماتیكو جوگرافیای نیشتمانەکەی خۆیدا ئاستی زیرەکیو زانابیەکەی تووشی شۆکمان ناکات. تەنانەت ئەفسووس کە خوێندکاری زانکۆکانمان ناگەنە ئاستی قوتابییەکی ئەوروپیی قۆناغی ناوەندی لەرووی باکگراوندی زانیاریو زانستە سەرەتاییەکانیشدا.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە: خوێندکاری کورد ئەو کەلتوورە گرنگەی لەلا بەرجەستە نەبووەو نەبۆتە میکانیزمێك لە ژیانیدا، کە هانبدرێت بەدوای سەرچاوەو کتێبدا بگەڕێت چ کاغەز یان ئەلکترۆنی.. هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی زانستی یان مەعریفی لەشێوەی دیسکەڤەریو جەزیرەی دۆکومێنتیو پەروەردەیی لە کوردستانەکەماندا لەئارادا نییە جگە لە کلیپی سەقەتی گۆرانیو هەڵپەرکێی چەندبارە کە نەوەو وەچەیەکی غەریزی بێناوەرۆك، دەستەبەر دەکات کە جگە لە تاکێکی غەریزییو ئالوودە بە مەیو قومارو نێرگەلەکێشان هیچی دیکەی لێوە بەرهەم نایەت. بەپێچەوانەوە نەریتو خوویەکی ناجۆر فەراهەمبووە کە خوێنەرو نووسەرو رۆشنبیر ببوغزێنرێتو بەئاڵۆزو نائاسایی ناوزەد بکرێت.

توێژی خوێندەوار کە بریتین لە سیاسیو وەزیرو پەرلەمانتارو بەڕێوەبەرو نوژدارو ئەندازیارو مامۆستاو کارمەندو خوێندکارەکان بەگشتی، ڕێژەیەکی ئێجگار کەمیان نەبن، لە ملیۆن زیاترەکەی دیکە نەیانکردووە بە بەرنامەو خوو کە رۆژانە چەند کاتژمێرێك بخوێننەوە.. بەپێچەوانەوە دیاردەیەك لە هەڵکشاندایە کە بریتییە لە گەڕان بەدوای وێنەی پۆرنۆو سێکسیو رووتی ژنە شۆخەکانو خوێندنەوەی بورجو کەلوەکان کە زۆرێك لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێستا بۆ پڕفرۆشیان ئەم دیاردە مەترسیدارە برەو پێدەدەن.. بۆ پاسادانو سەلماندنی ئەم بۆچوونەم، ئەوە جێگەی هەڵوێست بۆ کردنە کە تیراژی هیچ کتێبێکی زانستی یان فەلسەفی یان کۆمەڵایەتیو دەرونناسی ناگاتە هەزار دانە لەکاتێکدا خوێندەواری کورد زیاترن لە دوو ملیۆن! بەڵام بە پلەی یەکەم خوێندنەوەی زۆرینە لە مەدارو فەلەکی سیاسەتدا دەسووڕێتەوە، سیاسەتی هەڵدانەوەی پەڕەی بەرپرسو حیزبەکان لە شاخو شار، هەربۆیەشە ئەو بڵاوکراوانەی خەریکی هەڵکۆڵینو هەڵدانەوەی فایلن، پڕفرۆشترین کەرەستەن بۆ خوێندنەوە کە ئەمەش لە ئاکامدا پووچگەراییو نەهلیستی لای تاکی کورد بۆ رابردوویو بۆ ئایندەی خۆی فەراهەم دەکات کە رادەی ئیلتیزامو دڵسۆزی بۆ خۆیو بۆ کۆمەڵگاکەی کەمترو کاڵتر دەکاتەوە.

ئەوەشمان بیر نەچێت کە ڕێژەی ئەو قوتابیو خوێندکارانەی واز لە خوێندن دێنن ( بەتایبەت قۆناغی ناوەندی) روو لە زیاد بوونو بەرەو بازاڕو بژێو پەیداکردن ملدەنێن، دیارە ناچاریو هەژاریش لەم دیاردەیەدا حاکمو بڕیاردەرە.. لەبەرئەوە دیاردەی نەخوێندەواریو نەخوێندنەوە هەڕەشە لە کۆمەڵگای کوردی دەکاتو کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتیش زۆر شەرمنو نەیانتوانیوە ببنە بەدیلو ئالتەرناتیڤێکی ئەوتۆ. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە نە بەرپرسو نە وەزیری حیزبی کوردی ئامادە نین رۆژی یەك کاژێر بخوێننەوە.. مامۆستای زانکۆو ئامۆژگاو ئامادەییو ناوەندییەکانی کوردستان رۆژی نیو کاژێریش کتێبێکی مەعریفی یان زانستی یان مێژووییو تەنانەت سیاسیش ناخوێننەوە.

تێبینیو ئاکامی ئەم دۆزە:

ئەوە کارەساتە کە لە کۆمەڵگای کوردیی ئازادو سەرفرازو زەنگیندا کە کتێب چاپدەکرێت، تەنیا بە تیراژی ٥٠٠ یان ٧٥٠ یان ئەوپەڕەکەی ١٠٠٠ کتێب بۆ نزیکەی چوار ملیۆنو زیاتریش لە دانیشتوانی کوردستانی باشوور چاپ بکرێت ئەمە کارەساتی تراژیدیو جەرگبڕە، ئەی باشە ئەو رێژەیە دەبێت لەسەدا چەند بێت ئایا هەر چەند هەزار کەسێك کتێبێك یان نیو کتێبی وەبەربکەوێت..

ئایا ئەمەش گرفتو قەیران نییە بۆ ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگایەك کە وردەوردە نەخوێنەواریو نەخوێندنەوەی کتێب تیایدا ببێتە دیاردەیەك کە ئیدی چاوەڕوان بین قۆناغو سەدەی جەهل و نەزانی سەرهەڵبدات، ئایا ئەمە کوفرێکی گەورە نییە کە نەوەی نوێو نەسلی نوێ تەنانەت لەرێی ئینتەرنێتیشەوە سوود لە رۆشنبیریو مەعریفە وەرناگرێتو وێڵ و سەوداسەری مەعریفەو زانستو رۆشنبیری نەبێت؟ جەخار نەوەیەك بەرێوەیە کە لەوەلامدانەوەی پرسیارە زانستیو رۆشنبیرییە گشتییە ئاسانەکانیشدا لاڵو بێدەنگو دۆشداماوە، لەتەلەفزیۆنەوە ئەو گەنجانە بەتایبەت خوێندکاری زانکۆ ئەبینم کە تەنانەت نازانن پایتەختی وڵاتە ناودارەکانی جیهانیش ناویان چییە..یان چەند لەو گەنجانەمان لەزمانی کوردی زیاتر دەزانن؟

ئەم دیاردە مەترسیدارە زۆر کارەساتئامێزو دڵتەزێنە، خەتەرناكو وەبەرە بۆ ئایندەی کۆمەڵگای کوردی کە پێش هەموو شتێك پێویستی بە مەعریفەو عەقڵو رۆشنبیرییە چونکە ئەمێستا ئێمە لەقۆناغی ئینتیقالیو گۆڕانکاری گرنگدا گوزەر دەکەینو دەژین.

* کۆمەڵناس



ورده ورده کتێبەکان بێناز دەکەون و کەس نایانخوێنێتەوە

# ئەستوورترین کتێبی جیهان لەپێشانگای کتێبی فرانکفۆرتدا

ئا: شایان

ئەستوورترین کتێبی جیهان کەیەکێکە لەکتێبە ناوازەکانو تایبەتە بە بەشی منداڵان لەپێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت نمایشکرا. نزیکەی چل هەزار منداڵ بەخەیاڵ و قەڵەمەکانی خۆیان بەشداریان لەنووسینو وێنەکانو نەخشەسازیی ئەم کتێبەدا کردووە کە (٥٠٥٦٠)لاپەڕەیە. نوسخە چاپکراوەکانی ئەم کتێبە لەدوای بڵاوبوونەوەی لەکتێب فرۆشییەکاندا بە(٩,٩٩٠) یۆرۆ دەفرۆشرێت.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵی کتێبی ئێران (ئیبنا) کەڕاپۆرتەکەی لەئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیا وەرگرتووە، لەنێوان سەد هەزار ناونیشانی کتێبدا کە ئەمساڵ لەپێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت نمایشکران، کتێبێکی ناوازە هەبوو کە بەئەستوورترین کتێبی جیهان دادەنرێتو تایبەتە بەبەشی منداڵانو لەو بەشەدا نمایشکراوە. نزیکەی چل هەزار منداڵ کەبریتین لەوانەی هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە لەگەڵ ئەوانەی لەقوتابخانەن بەخەیاڵو قەڵەمو دەستوخەتی خۆیان بەشدارییان کردووە لەنووسینو وێنەکانو تەنانەت نەخشەسازیی کتێبەکەشدا کە پەنجا هەزارو پێنج سەدو شەست لاپەڕەیە.

جێبەجێکاری ئەم پڕۆژەیە (پیتەر رامساڤەر)ی وەزیری رێگاوبانی ئەڵمانیایە. وەزارەتی رێگاوبانی ئەڵمانیا هەموو ساڵێك کتێبی (ئەلف بای هاتوچۆی خەیاڵی کاپتن بلاوبەر) بڵاودەکاتەوە، بۆ ئەوەی منالان بەشێوەیەکی ئاسان بەیاساکانی هاتوچۆ ئاشنا بنو لەگەڵی رابێن. لەئەنجامی هەموو وێنەو چیرۆکەکانی هاتوچۆدا ئەستوورترین کتێبی جیهان لەبارەی یاساکانی هاتوچۆوەیە.

رامساڤەر لەمبارەیەوە رایگەیاند: دەروونناسانو شارەزایانی دەروونناسی بواری هاتوچۆی ئێمە دەتوانن ئەنجامێکی باش لەمکارە بەدەستبێنن بۆ سەلامەتیو پاراستنی هێمنی جادەکانمان.

(کاپتن بلاوبەر) یەکێکە لەخۆشەویسترین کەسایەتییەکانی بەرنامەی منداڵانی کەناڵی (ئای. ئاڕ. دی)ی ئەڵمانیا، بەخۆشحاڵییەوە ناونیشانێکی جیهانیی بەم کتێبە بەخشیووە کەباوەڕیوایە کەس دژی ئەم کارەی نییە. ئەمەش لەکاتێکدایە کەتۆمارکردنی ئەم کتێبە لەناو ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینسدا وەکو ئەستوورترین کتێبی جیهان لەبەردەمدایەو ئەم بەڵگەیەش لەپاش بەرەسمی پێوانی ئەم کتێبە لەپێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت پێشکەش بەکاربەدەستان دەکرێت، ئەم بەڵگەیەش دکتۆر (ئانداس شویەر) نوێنەری پەرلەمان لەوەزارەت وەریدەگرێت.

ئەم ژمارەی پێوانەیی شکاندنە لەلایەن دەزگای کتێب خوێندنەوەو ژمارەیەکی زۆر لەبڵاوکەرەوەکانی بواری کتێبی منداڵانەوە پشتیوانی لێدەکرێت. (هاینریش کراییش) بەڕێوەبەری دەزگای کتێب خوێندنەوە رایگەیاند: خۆشحاڵین کەمنداڵان وەکو نووسەرو وێنەکێش بەشدارییان لەم کتێبەدا کردووە، بێگومان منداڵانیش بەمکارە خۆشحاڵ دەبن. هەریەك لەو منداڵانەش بڕوانامە وەردەگرن کەبەپێی ئەو بڕوانامەیە ئەوان بەشدارییان کردووە لەم کتێبەدا کەدەچێتە ناو ژمارە پێوانەییەکانی گینسەوە.

سەبارەت بەوەی کەخستنەڕووی ئەم کتێبە پەنجا کیلۆییە کارێکی قورسە، بۆیە ئەم کتێبە بەتەواوی لەسایتێکی ئینتەرنێتیدا خراوەتە بەردەست. ئەگەر کەسێکیش حەز بکات نوسخەیەکی چاپکراوی کتێبەکەی هەبێت دەبێت بزانێت هەر دانەیەکی ئەم کتێبە بە (٩,٩٩٠) یۆرۆ لەکتێبخانەکان دەفرۆشرێت.



لایەنێکی پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت



کاتێك منالْ بەخەیاڵی خۆی وێنە دەکێشێت

سەرچاوە/ خبرگزاری کتاب ایران

# جیاکردنەوەی بەشی کورد لەپۆلێنی دەیی-دا(*)

محەمەد ئەمین عارف- ڕانیە

دیارە پۆلینی دیوی دەیی هەر لەسەرەتاوە توانیویەتی ببێتە مەکۆی هەموو مەعریفەی مرۆیی بەهەموو جۆرو بابەتو شێوەو شێوازو بوارو لایەنە جۆراوجۆرو جیاجیاکانییەوە، بەهۆی دەوڵەمەندکردنی بەردەوامیو توانای لەخۆگرتنی سەرجەم ئاڵوگۆڕە زانستو زانیاریو تەکنۆلۆجیاو بوارە جیاجیاکانی مەعریفەی ساڵ بەساڵو سات بەساتی سەردەمەوە، بووە بەڕێبازێکی جیهانی گشتگیرو زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ ڕێکخستنی زانیاریو سەرچاوەکانیان پشتی پێدەبەستن، کردوویانە بەتاکە ڕێبازی کار بۆ ڕێکخستنی هەموو سەرچاوەکانی زانیاریو بەتایبەتیش کتێبخانە گشتییەکان.

لەزۆربەی ئەو کورتەو پوختانەی کە بۆ کتێبخانە عەرەبییە بچووکەکان دانراون، لەسەر بەشی کورد هیچ هەڵوەستەیەکی وایان نەکردووەو هەر بە ڕێرەوی بەسەریدا تێپەڕیون.

بۆ نموونە، لەکتێبەکەی احمد بدوی دا، لە لیستی ناوچەکاندا – ٥٦٦٧ بۆ کوردستانو ٤٩١,٥ بۆ سەرجەم زمانە ئێرانییەکان دادەنێ، دیارە کورتەکەی وەرگرتووە ئەم ژمارەیە دواتر دەبێتەوە بە٤٩١,٥٥ بۆ زمانی فارسی سەردەمو ٤٩١,٥٩٧ بەزمانی کوردی.

هەروەها (بنهاوی)ش ٩١٥٩ی لە لیستی نەتەوەکاندا بۆ کوردو دیسان ٩١٥٩ی لە زمانی نەتەوەکاندا بۆ کورد داناوە.

هەروەها عبدالجبار محمد جرجیس کە (الفهرسە والتصنیف فی المکتبات العامە)ی ئامادە کردوە بۆ خولی فێرکردنی کتێبخانەدارانی کتێبخانە گشتییەکانی کتێبخانەی گشتیی سەرەکی موصل، بۆ زمانی کوردی ٤٩١,٥ و بۆ ئەدەبی کوردی ٨٩١,٥٧ و لەزمانەکاندا ٩١٥٩ بۆ زمانی کوردو هەر ٩١٥٩ ی لە لیستی نەتەوەکان بۆ کوردو ٩٥٦,٦٧ ی بۆ مێژووی کورد بەکار هێناوە.

دیارە گلەییش لەکەس ناکرێ چونکە ئەوە نەتەوەکان خۆیانن کە دەبێ بەدوای پێداویستییەکانی خۆیانەوە بن، ئەوەش ئێمەین کەدەبێ بەدوای ناسنامەی خۆمانەوە بین تابتوانین خۆمان بدۆزینەوە.

لەکوردستانیشدا بەشێك لەکتێبخانەکان، هەندێکیان بەدروستیو هەندێکیتر بەشێوازێکی نیوەنادروست: ئەو سیستەمەیان پێڕەو کردوە. لەکۆنفرانسی کتێبخانەگشتییەکانی ئەمساڵیشدا، یەکێك لەڕاسپاردەکانی کۆنفرانس بریتی بوو لەیەکخستنی سیستەمی پۆلێنکردن (بەسیستەمی دیوی دەیی) لەسەرجەم کتێبخانەکانی کوردستاندا.

بەڵام ئەم سیستەمەش لەنێوان شارەزایانو پسپۆڕانی ئەم بوارەدا ئێستا بۆتە جێگەی مقۆمقۆو مشتومڕ، بەتایبەتی لەسەر جیاکردنەوەی بابەتەکانی زمانو ئەدەبی کوردی.

ئاشکرایە کەعەرەب دوای چەندین ڕاو بۆچونی جیاواز، ئێستا ڕای زۆربەیان لەسەر ئەو (تعدیلە) گیرساوەتەوەکە:

ئایینی ئیسلام لە ٢٢٠- وەوە بکرێ بە ٢١٠ و ئایینی مەسیح لە ٢٨٠ – وە بکرێ بە ٢٧٠ و زمانو ئەدەبی ئەمریکیو بەریتانی هەردووکیان بە حوکمی زمانە هاوبەشەکەیان بکرێن بە ٤٢٠ بۆ زمانی ئینگلیزیو ٨٢٠ بۆ ئەدەبی ئینگلیزی (بۆ جیاکردنەوەی ئەمریکاو بەریتانیاش پیت بەکاربێت)و ( ٤١٠ و ٨١٠ ) بکرێن بە زمانو ئەدەبی عەرەبی.

لەباشوری کوردستانیشدا چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز سەریان هەڵداوە بۆ گۆڕینی ئەو ژمارانەی کە بۆ زمانو ئەدەبی کوردی دانراون، بەو بیانووەی کە ئەو ژمارانە هەم دورودرێژنو هەم لەپەڕاوێزدانو ژمارەی سەرەکی نین.

*بۆنموونە ئاری بابان لەنامیلکەی (کتێبخانەی کوردیو پۆلێن)دا پێشنیازی ئەوەی کردوە کەزمانو ئەدەبی یۆنانی بکرێ بەزمانو ئەدەبی(یۆنانیو لاتینی)و بە پیتی ل لێك جیا بکرێنەوە:

واتە ٤٨٠ ل زمانی لاتینیو٤٨٠ زمانی یۆنانی بێت.

٨٨٠ ل ئەدەبی لاتینیو٨٨٠ ئەدەبی یۆنانی بێت.

واتە بەمجۆرە ٤٧٠ و ٨٧٠ بەتاڵ دەبنو دەشێ بۆ زمانو ئەدەبی کوردی بەکاریان بێنین، بۆ مێژووی کوردیش ٩٥٦ بەکاربهێنرێ کە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دانراوە.

بەڵام دواتر ئاری بابان، پێشنیازێکیتر دەکات کە بەمجۆرەیە:

٤١٠ و ٨١٠ ی زمانو ئەدەبی عەرەبی وەردەگرێو بەپیتی (ك) کە نیشانەی کوردییە جیای دەکاتەوە لەعەرەبی، واتە:

٤١٠ ك زمانی کوردیو ٨١٠ ك ئەدەبی کوردی بێت.

*مامۆستا (شێرزاد سەعید)یش لەچەندین بۆنەی جیاواز و لەدوو وتاری جیاجیا لەڕۆژنامەی ئاسۆی کتێبخانەو گۆڤاری زانستی سەردەمیشدا هەمان ڕاوبۆچوونی یەکەمی کاك ئاری بابانی هەیە.

*پێشتریش خاتو زاهیدە ئیبراهیم ڕاستکردنەوەیەکی تری کردوە بۆ زمانو ئەدەبو مێژووی کورد، بەمجۆرە:

٤٩١,١ بۆ زمانی کوردیو

٨٩١,١ بۆ ئەدەبی کوردیو

٩٥٣,٢ بۆ مێژووی کورد.

هەروەها لەساڵی ١٩٧٧ یاسین عەبدولرەحمان عەلی ئەمینداری کتێبخانەی (دار الثقافة والنشر الكردية) شوێنە بەتاڵەکانی زمانو ئەدەبی عەرەبی بە هەل دەزانێتو دەیانکات بەزمانو ئەدەبی کوردی (٤٩٢,٧ بۆ زمانی کوردیو ٨٩٢,٧ بۆ ئەدەبی کوردی).

عەلی مەحمود جوکل ٤١٠ بۆ زمانی کوردیو ٨١٠ی بۆ ئەدەبی کوردیو ٩٥٦,٦٧ی بۆ مێژووی کورد داناوە وەکو پڕۆگرام بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی لەکۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.



دیارە هەموو هەوڵەکان بۆ خۆدزینەوە لەو دوو ژمارەیەکە ٤٩١,٥٩٧ی زمانی کوردیو٨٩١,٥٩٧ی ئەدەبی کوردییە.

ئاشکرایە کەنەتەوەی تریش بێجگە لەکورد هەن کەهەمان کێشەو گرفتیان هەیە، ئێمە نامانەوێ لیستێك لەو نەتەوانە ڕیز بکەین بەڵام نموونەیەك دەخەینە بەرچاو کەئەویش ئێرانەو هەمان حاڵەتی ئێمەیان هەیە، بەڵام ئەوان بەشێوازی خۆیان توانیویانە چارەسەری بکەن بێئەوەی بچنە ناو سنوری هیچ نەتەوەیەکی ترەوە، واتە بێ ئەوەی ژمارەی هیچ نەتەوەیەك بۆخۆیان قۆرخ بکەن.

ئەوان لەجیاتی ژمارەی ٨٩١,٥٥ی ئەدەبی فارسی، تەنیا بە دوو پیت چارەسەریان کردووەو ژمارەکەیان کردوە بەژمارەیەکی نیمچە سەرەکی، واتە:

١فا٨ بۆ ئەدەبی فارسی کە لەبەرامبەر ٨٩١,٥٥ دانراوە هەروەها ١فا٤ بۆ زمانی فارسی کە لەبری ٤٩١,٥٥ دانراوە.

ئەی باشە ئەگەر ئێمەی کوردیش هەمان ڕێباز بگرینەبەرو بەپیتێك یان دوو پیت چارەسەری کێشەکە بکەین چیدەبێ:

بۆ نموونە (١کۆ٤) بۆ زمانی کوردیو (١ کۆ ٨) بۆ ئەدەبی کوردی لەجیاتی ٤٩١,٥٩٧ و ٨٩١,٥٩٧ بەکاربێنین وەکو ژمارەی سەرەکی، یان لەجیاتی دوو پیتی کوردی یەك پیت کە K ی ئینگلیزیەو کورتکراوەی KURD کورد دەگەیەنێت، بەکاربێت، بەمجۆرە:

٤k١ بۆ زمانی کوردیو

٨k١ بۆ ئەدەبی کوردی

١,١ اکۆ٤ یان ١,١ ٤K

فۆنەتیك لە زمانی کوردیدا.

١,٢ اکۆ٤ یان ٤K١,٢

نووسین لە زمانی کوردیدا.

١,٣ اکۆ٤ یان ٤K١,٣

فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا.

١,٣٢ کۆ٤ یان ٤K١,٣٢

فەرهەنگی کوردی/ ئینگلیزی.. هتد.

هەروەها:

١,١ کۆ ٨ یان ١,١ k ٨

شیعری کوردی

١,٢ کۆ ٨ یان ٨ k١,٢

شانۆی کوردی

١,٣ کۆ ٨ یان ٨ k١,٣

چیرۆکی کوردی

١,٣٠٧ کۆ ٨ یان٨ k١,٣٠٧

لێکۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی

و: ٩١٥٩٧ بۆ ڕەگەزی کورد و ٥٦٦٧ بۆ شوێنی کوردستان بەکاربێت بۆ نموونە:

٩٥٦,٦٧ بۆ مێژووی کوردو ٩١٥,٦٦٧ بۆ جوگرافیای کوردستانو بەهەمان شێوەی خوارەوە بۆ چوار پارچەکەش بەکاربهێندرێت، بەمشێوەیە :

٩١٥,٦٦٧ بۆ کوردستانی گەورە

٩١٥,٦٦٧١ بۆ بەشی باکوری کوردستان

٩١٥,٦٦٧٢ بۆ بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان..هتد.

دواتر شارەزایانی بواری جوگرافیای کوردستان دەتوانن ئەم ژمارەیە دابەزێننە ناو شارەگەورەکانو ئینجا شارە بچوکەکانیش، بۆ نموونە:

٩١٥,٦٦٧١١ پارێزگای ئادیەمان

٩١٥,٦٦٧١٢ پارێزگای ئاگری

٩١٥,٦٦٧١٣پارێزگای بنگول.. هتد.

هەروەها :

٩١٥,٦٦٧٣ بەشی باشوری کوردستان

٩١٥,٦٦٧٣١ پارێزگای دهۆك

٩١٥,٦٦٧٣ پارێزگای هەولێر

٩١٥,٦٦٧٣ پارێزگای سلێمانی.. هتد.

دابەشکردنی مێژووی کوردستان بۆ:

٩٥٦,٦٧ بۆ مێژووی کوردستانی گەورە

٩٥٦,٦٧١ بەشی باکوری کوردستان

٩٥٦,٦٧٢بەشی ڕۆژهەڵات

٩٥٦,٦٧٣ بەشی باشور

٩٥٦,٦٧٤ بەشی ڕۆژئاوا

٩٥٦,٦٧٥ کورد لە ڕوسیا (ئەرمینیاو ئازەربایجان و...هتد)

٩٥٦,٦٧٦ کورد لە وڵاتانی عەرەبدا

٩٥٦,٦٧٧ کورد لە کیشوەرەکانی تری دونیادا

٩٥٦,٦٧٧١ کورد لە شوێنەکانی تری ئاسیا

٩٥٦,٦٧٧٢ کورد لە ئەوروپا

٩٥٦,٦٧٧٣ کورد لە ئەمریکا

٩٥٦,٦٧٧٤ کورد لە ئوستراليا

٩٥٦,٦٧٧٥ کورد لە ئەفریقیا

.. هتد.

---

(*) ١- دوا بەدوای بڵاوبونەوەی وتارەکەی مامۆستا شێرزاد سەعید لە گۆڤاری (زانستی سەردەم)دا منیش بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی بە پێشنیازو ڕای جیاواز، ئەم بابەتەم نارد بۆ گۆڤاری سەردەم، بەڵام کاتێ گەیشت کە ئەوان، لەدیزانیی گۆڤارەکە بووبوونەوەو لەوەڵامدا ئاگاداریان کردمەوە کەبابەتەکە دەکەوێتە ژمارەی دواترەوە، دیارە ژمارەی دواتر واتە چەند مانگێکی ترو ئەمەش زۆری دوادەخست، بۆیە ئەمجارە بابەتەکە ئاراستەی ڕۆژنامەی ئاسۆی کتێبخانە دەکەم.

٢- وێرای ئەوەی پێشوو، هەندێ ڕاو بۆچوونی تازەتریش لە ڕۆژنامەی ئاسۆی کتێبخانەدا هاتبوونە ئاراوە، بۆیە منیش ئەم چەند ڕاوپێشنیازانەم دەخەمە بەردەست شارەزایانی بواری پۆلێن، بەو ئومێدەی لەلایەن پسپۆڕانی بواری کتێبو کتێبخانەدارییەوە بەهێمنیو بە ئەوپەڕی خوێنساردییەوەو دور لە پەلەپەلو دور لە مشتومڕی لابەلاو ململانێ کەسیەکان، بەمەبەستو بە ئومێدی گەیشتن بە باشترین ئەنجامی زانستیانە کار لەسەر ئەو تەوەرە گرنگە بکرێتو بە ئەنجامێکی ڕاستو دروست بگەین.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١- ئاری بابان ، نامیلکەی کتێبخانەی کوردیو پۆلێنکردن، ١٩٩٩، لاپەڕە ١٤.

٢- گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە – ٤٣ هاوینی ٢٠١٠، ل ١٦٩.

٣- جوکل، عەلی مەحمود – زانستی کتێبخانە: جۆرەکانیو چۆنیەتی پۆلێنکردنو ڕێکخستنی پێویست بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی، کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٤- ئاری بابان، گونجاندنی سیستمی دیوی بۆ کتێبخانەی کوردی، بڵاوکراوەی ئاسۆی کتێبخانە، ژمارە ١٣ لە ٢٠١٠/١٠/١٣.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١- زاهدة ابراهيم، قوائم التصنيف المعدلة من الطريقة العشرية لديوي وتشمل الدين الإسلامي والتاريخ الإسلامي واللغة والأدب العربي والفلسفة الإسلامية المتبعة في المكتبة المركزية.- بغداد، جامعة بغداد، ١٩٧٤.

٢- أبوزيد السيد، أحمد البدوي- موجه عام المكتبات بالهيئة العامة لقصور الثقافة. فن تصنيف الكتاب (نظام ديوي العشري) -.- مصر، دار الفكر العربي، ١٩٩٣.

٣- العايدي، محمد عوض – خبير المكتبات ونظم المعلومات، الوجيز في التصنيف العشري للمكتبات الصغيرة. المكتبة الأكاديمية، ١٩٩٩.

٤ – عبدالجبار محمد جرجيس. فهرسة التصنيف في المكتبات العامة، (المحاضرات الخاصة بالدورة المكتبية للعاملين في المكتبات العامة التابعة للإدارة محافظة نينوي للفترة من( ٧/١٨ – ٧/٢٣ / ١٩٧٩).

٥ – فؤاد اسماعيل فهمي، العشري الموجز، بلا.

٦- حسن رشاد، مدير عام دار الكتب والوثائق القومية، المكتبات ورسالتها، دار الفكر العربي، .- مصر، بلا.

٧- بدران، اوديت : ماجستير في علم المكتبات، التصنيف في المكتبات (دليل ارشادي لتصنيف ديوي العشري ).- بغداد، مطبعة الجامعة، ١٩٧٦

٨- القنديلجي، عامر ابراهيم : تعديل ديوي العشري للمكتبات العربية .. بغداد، ١٩٧٦.

٩- البنهاوي، د. محمدامين ( استاذالمكتبات المشارك بجامعة الملك عبدالعزيز ) : التصنيف العملي للمكتبات وفق احدث طبعة من تصنيف ديوي العشري، دارالشروق للنشر والتوزيع والطباعة .. جدة، ١٩٨٢.

١٠ – جامعة السليمانية –الأمانة العامة للمكتبة المركزية/ المكتبة في خدمة الفكر القومي التقدمي (وقائع وبحوث المؤتمر الرابع لجمعية اتحاد المكتبيين العراقيين المنعقد في رحاب جامعة السليمانية في الفترة من ٢٣-٢٧/تشرين الأول ١٩٧٧، السليمانية، ١٩٨٠.




# کتێبخانە گشتییەکان

نووسینی: د. محمد فتحي عبدالهادي و د. نبيلة خليفة جمعه
(مامۆستایانی بەشی کتێبخانەو دۆکۆمێنت و زانیارییەکان
لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیرە)
چاپی یەکەم: ئۆکتۆبەری ٢٠٠١
شوێنی چاپ: قاهیرە
الدار المصرية اللبنانية
٢٢٣ لاپەڕە




**نووسەرانی کتێبەکە لە (پێشەکی)دا وتویانە "کتێبخانە گشتییەکان لە گرنگترین جۆرەکانی کتێبخانەن و زۆرتریشیانن، کتێبخانەی هەمووانە لەناوچەیەکی دیاریکراوداو هەموو کەس بۆی هەیە رووی تێبکات بەمەبەستی بەدواداچوونی مەعریفەو رۆشنبیری و حەواندنەوەی دەروون و خۆفێرکردن".**

**پاشان دەڵێن "ئەم کتێبە باس لە کتێبخانە گشتییەکان دەکات لە هەموو روویەکەوە، تیایدا هەموو بابەتە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کتێبخانە گشتییەکان خراوەتە روو، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئاراستە نوێیەکان و هێنانەوەی چەند نموونەیەك لەسەر هەردوو ئاستی جیهانی و ناوچەیی.**

**بەشی یەکەم**
**پەیامی کتێبخانە گشتییەکان و ئامانجەکانی**

کتێبخانەی گشتی؛ دەزگایەکی دامەزراوە لەلایەن دەسەڵاتێکی ناوچەیی، بۆ پێشکەشکردنی سەرچاوەو هەموو خزمەتگوزارییەکان بەخەڵکی ئەو ناوچەیە.

کتێبخانە کە پشت بە دارایی گشتی دەبەستێت لەپێناوی بەکارهێنان و سوودی گشتیدا، کاردەکات بۆ بەکارهێنانی کەرەستەکان لە فۆرمی چاپکراوو بیستراوو بینراوو ئەلیکترۆنیدا، ئەویش بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و رێکخستن و هێنانەوە ئاراو پەخشی و گەیاندنی زانیارییەکان و بیروڕاو بەرهەمی ئەفرێندراوی مرۆڤ.

ئەرکەکانی کتێبخانە گشتییەکانیش بریتین لە:

١- پێشکەش کردنی خزمەتگوازریی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازیی رەگەزو ئایین و رەنگو..تاد، بۆ هەموو تەمەنێك و گشت ئاستە رۆشنبیری و پەروەردەییەکان.

٢- بەشێوەیەکی گشتی خزمەتگوزارییەکانی بێ بەرامبەرن.

٣-کتێبخانەی گشتی لەهەر شوێنێکدا بێت بۆ خزمەتی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە خۆی پڕ سەرچاوە دەکات لەگەڵ ئاگاداربوون لەو ژینگەیەی تیایدایەتی، ئیتر کشتوکاڵ بێت یان پیشەسازی و..تاد.

٤-کتێبخانە ئەو شوێنەیە کە تاکی کۆمەڵ بە ئازادیی هامشۆی دەکات.

ئامانجەکانیشی بریتین لە(بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی، راگەیاندنی بابەتە گرنگەکان، فێرکردن، خۆشبەسەربردن).

ستراتیژی پێویست بۆ خزمەتی سوودمەندان لەم سێ هەنگاوەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی تەقلیدیی بۆ کەرەستە چاپکراوەکان و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاریی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکاندا.

ب- رۆڵ بینینی نوێ وەك سەنتەرێکی تەکنەلۆژیی زانیارییەکان لەناوچەیەکدا بۆ گەیشتن بە بەرنامەو تۆڕەکان تاوەکو کتێبخانە ببێتە جێگایەك بۆ فێربوون.

ج- کردنی کتێبخانەی گشتی بە بەرهەمهێن و بڵاوکەرەوەی زانیارییەکان.

لەهەر وڵاتێکدا چەند کتێبخانەیەك هەن، ئەوانیش: کتێبخانەی نەتەوەیی(نیشتمانی)، کتێبخانەی تایبەتمەند، کتێبخانەی زانکۆیی، کتێبخانەی خوێندنگاکان، لەگەڵ کتێبخانە گشتییەکان.

**بەشی دووەم**
**خانووبەرەی کتێبخانە گشتییەکان و پڕ کەرەستەکردنیان**

خانووبەرەی هەر کتێبخانەیەکی گشتی رۆڵی گەورەی هەیە لەراکێشانی خوێنەران بەلای خۆیدا. زۆر لەبینا کۆنەکان کە لەبەر بەهای مێژووییان دەستکاریی ناکرێن بەکەڵکی کتێبخانەی ئەمڕۆ نەماون. گرنگترین فاکتەر بۆ سەرکەوتوویی خانووبەرەی کتێبخانە گشتیەکان لەم خاڵانەدا چڕ دەبنەوە:

١- جێگا: دەبێت لە جێگایەکدا بێت کە دانیشتوانی قەرەباڵغ بن و خەڵکی بە ئاسانی بیگەنێ.

٢- نەخشەسازیی بینا: بەشێوەیەك بێت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بگونجێت و رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە خزمەتی دەکات، دەبێت سەرنج راکێش بێت و هانی خوێنەران بدات تا هامشۆی بکەن.

٣- نەخشەسازیی ناوەوە: ئەویش رۆڵی گرنگی دەبێت، وەك سیستمی رەفەی کراوەو بەکارهێنانی دەرگاو دەروازەو چاودێریی هامشۆکەران.

٤- چاککردنەوە: هەر خانووبەرەیەك پێویستی بە پرۆسەکانی چاککردنەوە دەبێت و کتێبخانەش پێویستە بەردەوام لەلایەن ئەندازیارو کارمەندانی پسپۆڕەوە چاوی لەسەربێت و لەزووترین کاتدا کەموکوڕییەکانی چاك بکرێنەوە.

٥- کەرەستەو پۆشتەکردنەوە: کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە چۆنێتی درووستکردنی تەلاری کتێبخانەوە هەیەو بەبێ کەرەستەی پێویست کاری کتێبخانەیی ئەنجام نادرێت، ئەوانیش خۆیان لە کەرەستەی کارمەندان و دۆلابی کتێب و مێزو کورسیی خوێندنەوەو کەرەستەی بەشە جیاوازەکان و سەرچاوەکانی روناکی و ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو پەیوەندیی و..تاد؛ دەبیننەوە.

**بەشی سێیەم:**
**رێکخستنی کتێبخانە گشتییەکان و بەڕێوەبردنیان**

رێکخستنی بەڕێوەبردنی کتێبخانە هۆکاری سەرەکیی باش بەڕێوەچوونی سەرجەم کاروبارەکانی کارمەندانە، ئەوانە وا لەکارمەندان دەکەن بەشداریی کارا بکەن لە پرۆژەو بڕیارەکان و داهێنانە نوێیەکان و خزمەتگوزارییەکاندا.

١- رێکخستنی کارگێڕیی: بەپێی پەیکەرێك کە بۆ قەوارەی کتێبخانەکەو چالاکییەکانی دەستبدات لە بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو بەشەکان پێکدێت.

٢- کارمەندان: رەگەزی مرۆیی گرنگترین رەگەزە بۆ بەڕێوەبردنی کتێبخانەی گشتی، ژمارەشیان پەیوەستە بە کۆی هامشۆکەران و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە.

بەپێی پێودانی یەکێتی نێودەوڵەتیی دامەزراوە کتێبخانەییەکان هەر کارمەندێکی کتێبخانەیی بۆ ٢٥٠٠ دانیشتووی ئەو ناوچەیە پێویستە کە کتێبخانەکەی تیادایە.

٣-رێساکانی کار: ئەوانیش پەیوەستن بەپێوانی خزمەتگوزاری و پرۆگرامەکانی کتێبخانەو یاسای کتێبخانە گشتییەکان و سیستمی کاری کتێبخانەیی و پلان و چۆنێتی پراکتیزەکردنی کاروبارەکانی کتێبخانەو..تاد.

٤- کۆمەك و بودجە: بەپێی خەمڵاندنی پێویستییەکان بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت و سەرچاوەی کۆمەکی کتێبخانەکان بریتین لە دارایی دەوڵەت و کۆمەکی تایبەت، ئیتر بەپارە بێت یان کەرەستە.

**بەشی چوارەم**
**کارە هونەرییەکان لە کتێبخانە گشتییەکاندا**

دەکرێت کارە هونەرییە سەرەکییەکانی کتێبخانە بۆ چارەسەری سەرچاوە کتێبخانەییەکان دابەش بکەین بەسەر کارەکانی (سەرچاوە بەدەستهاتووەکان- التزويد، پێڕست و پۆلێن، چاککردنەوەو بەرگ تێگرتن و..تاد). پێویستە کتێبخانەی گشتی بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخ بدات بە میتۆدەکانی کارکردن، تاوەکو سوودمەندان بەباشترین شێوە دەستیان بگاتە سەرچاوەکانی.

گرنگترین کارە هونەرییەکان بریتین لە:

١- هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ نێو کتێبخانە، ئەویش بەسەرنجدانی سەرچاوەکانی لەوەوبەری کتێبخانەکەو وردبوونەوە لە لیستی کتێب فرۆشییەکان تا دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ ئاسان ببێت.

٢-پێودانە چەندییەکانی کۆمەڵەکان، بۆ ئەمەش کار بەپێودانەکانی(LFLA) دەکرێت بۆ ئەژمارکردنی کۆی سەرچاوەکان (بەچاپکراوەکانی منداڵانیشەوە) بەپێی کۆی دانیشتووانی ئەو ناوچەیەی کتێبخانەکەی تیادا دەبێت.

٣-گەشەپێدانی سەرچاوەکان و چۆنێتی زیادکردنیان: ئەویش بەپێی خواستی خوێنەران سەبارەت چۆنێتی سەرچاوەکان دێتە دی.

٤-بەشداری کردن لەسەرچاوەکاندا: هەر کتێبخانەیەك بەپێی توانای خۆی و بودجەکەی بەشداری دەکات لەو چاپکراوە نوێیانەی کە لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا چاپ و بڵاودەکرێنەوە.

٥-پێڕست و پۆلێن: دوای دابینکردنی سەرچاوە، کتێبخانە ئامادەکاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی کارە هونەرییەکان، ئەویش کاری پێڕستی وەسفی و پاشان پۆلێن و پێڕستی بابەتییە.

٦- ئەنجامدانی کاری هونەریی رۆژانە: وەك خواستن و خزمەتگوزاریی هونەری و کاری سەرچاوەکان (المراجع).

٧- پاکژکردنەوەو دوورخستنەوە: گەلێك سەرچاوە کۆن دەبن و پێویستیان بە دوورخستنەوە هەیە لە کتێبخانەداو لەبری ئەوان سەرچاوەی نوێ تر دەخرێتە شوێنیان.

٨- چاککردنەوەو بەرگ تێگرتن؛ یان جزوبەندکردن: دەبێ کتێبخانە بەردەوام چاودێریی سەرچاوەکانی بکات بۆ ئەوەی لەناو نەچن و بەکەڵکی بەکارهێنان بێن، هەرچۆن جزوبەندکردنیان یارمەتییان دەدات بۆ ساڵانێکی زۆرتر بەکار بهێنرێن.

**بەشی پێنجەم**
**خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان**

بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خوێنەران، کتێبخانەی گشتی ئەم خزمەتگوزارییانە دەنوێنێت:

١-خواستن: خواستنی دەرەکی گرنگترین ئەرکی کتێبخانەیە، چونکە کتێبخانە جێگای ئەو هەموو خوێنەرەی تیادا نابێتەوە، ئەمە بێجگە لە خواستنی ناوخۆیی کە بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە.

٢-خزمەتگوزاریی سەرچاوەکان و زانیارییەکان: دەبێ بەشی تایبەت هەبێت بۆ سەرچاوە گرنگەکان (المراجع)و دۆزینەوەی سەرچاوەکان.

٣-خزمەتگوزارییە بیستراوو بینراوەکان: کە بایەخیان وەك سەرچاوە چاپکراوەکانەو سوودمەندانی خۆیان هەیە.

٤-خزمەتگوزاریی لاوان و گەورەکان: کە سەرچاوەی پێویستی بۆ هەموو تەمەنەکان دابین بکرێت، وەك سەرچاوەی جدیی بۆ گەورەکان و کات بەسەربردن بۆ لاوەکان.

٥-خزمەتگوزاریی منداڵان: کە ئەرکی یەکەمی کتێبخانەو راهێنانی کۆمەڵگا بۆ خوێندنەوەو پێشکەوتن لەوانەوە دەستپێدەکات.

٦- خزمەتگوزاریی لەگەڵ خوێندنگاکان: ئەویش بۆ هاوکاریی مامۆستایان و قوتابیان لەرێی کردنەوەی خولی تایبەت و نمایش چاپکراوەکان بۆیان دەکرێت بەشی منداڵان ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرێت.

٧- خزمەتگوزاریی خوێنەرە تازەکان و ناوچە گوندنشینەکان بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆیان و گەیاندنی چاپکراو بەناوچە دوورنشینەکان کەزۆرترین دانیشتوانیان تیادایە.

٨- خزمەتگوزاریی نەخۆش و کەمئەندامان: لەرێی هاوکاریی نەخۆشخانەکان و رێکخراوی تایبەت بەکەمئەندامانەوە.

**بەشی شەشەم**
**چالاکیی تری کتێبخانە گشتییەکان**

لەوانە: بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتی و شیرینکردنی کتێب و خوێندنەوە لای خەڵکی، ئەویش بەتوندوتۆڵکردنی پەیوەندیی ئەمینداری کتێبخانەو کارمەندان لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵگادا.

ئەمە بێجگە لەبڵاوکردنەوەی زانیاری و لێدوان و پرۆگرام لەمەڕ کتێبخانەو پەیوەندیی بەلایەن و گروپەکانەوە، هەرچۆن دامەزراندنی (کۆمەڵەی هاوڕێیانی کتێبخانە) لەلایەن ژمارەیەك لە کارمەندانی کتێبخانەو روناکبیرو سوودامەندانەوە کە دەبنە هاوکار بۆ پێشخستنی کتێبخانە.

هاوکات پروپاگەندەو ریکلام و بڵاوکردنەوەی راپۆرت و لەچاپدانی بڵاوکراوەی تایبەت بەکتێبخانەو چاپکراوی دیکەو پێڕستە لەچاپدراوەکان و پۆستەرو نمایشی هەر هەموویان دەبنە چالاکیی تر بۆ بەرز راگرتنی کتێبخانەو خزمەتگوزارییەکانی.

**بەشی حەوتەم**
**بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لەکتێبخانە گشتییەکاندا:**

١- ئەویش بریتییە لەزانیارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و گەیاندنی زانیارییەکان بۆ سوودمەندان.

٢- بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ سەرجەم کارە هونەرییەکان، کەسوودی هەمەلایەنەی بۆ تێچوون و کات هەیە.

٣- خستنە بەردەستی بنەمای زانیارییەکان لەسەر سیدی.

٤- بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەکتێبخانە گشتییەکاندا.

* دوابەشی کتێبەکەش تەرخانە بۆ ئاوڕدانەوەی مێژوویی لەکتێبخانە گشتییەکانی وڵاتی میسرو باسکردنی واقیعی کتێبخانەکانی ئەمڕۆیان و پێشنیاز بۆ چاککردنی خزمەتگوزارییان، ئەمەو کتێبەکە بەسوود وەرگرتن لەدەیان سەرچاوەی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوەو بەرهەمهێنراوە.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library NO. 16 – 13/1/2011


## ژمارەی سپاردن بۆ ١٤٨ کتێبی نوێ

**ئاسۆی کتێبخانە**

لەمانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٠دا بەشی سپاردنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی ژمارەی سپاردنی بەخشییە(١٤٨) کتێب لەبوارە جیاجیاکاندا.

کارزان شێرکۆ لێپرسراوی بەشی سپاردن ئاماژەی بۆ بابەتی کتێبەکان کرد کە بەمجۆرە بوون:

زانیارییە گشتییەکان(١٠) کتێب، فەلسەفە(١١)، ئایین (٣٦)، زانستە کۆمەڵایەتییەکان(٢٦)، زمان(٥)، زانستە پراکتییەکان(٣)، ئەدەب(٣٦)، مێژوو(١٨)، یاداشت(٣).

جێگەی ئاماژەپێدانە کە (٦٦)لەم کتێبانە بابەتی نووسراون‌و(٨٢) کتێبیشیان بابەتی وەرگێڕانن.

## کێشەی کتێبخانەکانی کوردستان لە سیمینارێکدا





**ئاسۆی کتێبخانە**

لە درێژەی ئەو سیمینارانەی کە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی ئەنجامی دەدات، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢١ سیمینارێك بۆ مامۆستا شێرزاد سەعید محەمەد لەژێر ناونیشانی (زانستی زانیارییەکان‌و کتێبخانەکان لە کوردستان لەنێوان کێشەو چارەسەردا) ڕێکخرا.

شایانی ئاماژە بۆکردنە کە ناوبراو بەوردی باسی لە هەموو ئەو کێشەو گیروگرفتانە کرد کە ڕووبەڕووی زانستی زانیارییەکان‌و کتێبخانە دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، چەندەها چارەسەرو پێشنیازیشی خستەڕوو.

ئەمەو لەو سیمینارەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان‌و کارمەندان‌و خوێندکارانی بەشی زانیارییەکان‌و کتێبخانە ئامادەیبوون، گفتووگۆی پێویست لەسەر کێشەو بابەتەکانی سیمینارەکە کرا.

شایانی باسە مامۆستا شێرزاد ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبێکی نوێیە بەناوی(مقدمه فی علم المکتبات و المعلومات) لەنووسینی(د.ربحی مصطفی علیان و د.امین النجداوی).

## نۆژەنکردنەوەی کۆنترین کتێبخانەی جیهان

**و: ڕۆژان سەیفور**

لەم دواییانەدا پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی (قەروین) کە کۆنترین کتێبخانەی جیهانە، لە شاری (فاس)ی مەغریب، بەپێی فەرمانی پادشای مەغریب (محەمەدی شەشەم) بەشێوازێکی سەردەمیانە کۆتایی پێهات.



کتێبخانەی قەروین لەمەغریب

ئەم کتێبخانەیە لەساڵی (٧٥٠)ی کۆچی بەچاودێری سوڵتان ئەبی عەنان مەرینی دامەزراوەو تا ئێستا ٢١٢٥٠ کتێب‌و ٦١٨ خولاوەو ٤٢١ هەڵکۆڵراوی بەردین‌و ٦٠٠٠ دەستنووس‌و ٢٠٤٣ دۆسیەی ئەرشیفکراوی تیادایە، جێی ئاماژەیە کە چەندین ڕۆشنبیری مەغریبی کتێبخانەکانی خۆیان پێشکەش بەم کتێبخانەیە کردوە.

الشرق الاوسط

## یابانییەکان داوا لە ئەپڵ دەکەن ڕۆمانەکان نەفرۆشن



**بێستون**

بڵاوکەرەوە یابانییەکان داوایان لە کۆمپانیای (ئەپڵ)ی ئەمریکی کردوە چی تر نوسخە ئەلیکترۆنییەکانی بەرهەمە ئەدەبییە یابانییەکان نەفرۆشن.

لەنامەیەکدا کە ئاراستەی (ئەپڵ)یان کردووە وتویانە"ئەم کارە ڕێزنەگرتنە لە مافی نووسەران‌و کارێکی نایاسایەو داواکارین ڕۆمانەکان لە ئینتەرنێتدا بکێشنەوە"، لە وەڵامیشدا ئەپڵ بەڵێنی لابردنی ئەو بەرهەمانەی داوە کە بەشێوەیەکی نایاسایی بڵاوکراونەتەوە.

القبس

## چین.. کتێبی کەمینەکان دەپارێزێت

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (گەل)، لە چین کاری پاراستن بۆ کتێبی نووسەرە دێرینەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامدراوەو خۆیان دەدەن لە پێنج هەزار کتێب.

چاپی ئەو بەرهەمانە کە دەگەڕێنەوە بۆ ١٩ کەمینەی نەتەوەیی لە ٦٠ بەرگدا لەچاپدراونەتەوە، دەیسەلمێنێ کە بایەخ بە ڕۆشنبیریی دیکە دەدرێت‌و ئەوەش دانپیانانە بە ڕۆشنبیریی نیشتمانیدا.

القبس






چاپکراوی نوێ

## زانستی پێڕست‌و دۆکۆمێنتاری




**بەهرە عیزەدین**

لەم هەفتەیەدا، لەلایەن دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم‌و لە ١٦٤ لاپەڕەدا، کتێبێکی نوێ بەناوی (زانستی پێڕست‌و دۆکۆمێنتاری) لە وەرگێڕانی بەڕێز یاسین قادر بەرزنجی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

ئەم کتێبە، کە لەمەوبەر چەند ئەڵقەیەکی لە (ئاسۆی کتێبخانە)دا ڕووناکییان بینیوە، هەوڵێکی ترە لە ڕێگای دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەسەرچاوەی زانستی سەبارەت (کتێبخانەو زانیارییەکان).

وەرگێڕی کتێبەکە لە پێشەکیدا وتویەتی"بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کتێبخانە، بەگشتییەکان‌و تایبەتمەندو فەرمی‌و قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان‌و بوونی دووبەشی زانیارییەکان‌و کتێبخانە لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانی‌و بەخششی بەرچاوی دام‌و دەزگاکانی چاپ‌و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا.. دەخوازن گەلێ کتێبی گرنگ لەم بوارەدا بێنە بەرهەم".

بەشەکانی کتێبەکەش بریتین لە: زانستی پێڕست، پێڕستی وەسفیی، دەروازەو شێوەکانی، پێڕستی بابەتی، شێوەکانی پێڕست، کارتەکانی پێڕست، بنەماکانی ڕێکخستنی دەروازە لە پێرستەکانداو ئامادەکردنی پێڕست لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنیدا.

ئەمەو کتێبەکە کە بەهاوکاریی خاتوو ساکار عەلی عەبدوڵڵا کراوەتە کوردی، لەلایەن کاك مەهدی ئەحمەد نەخشەسازیی بۆ کراوەو بەرگەکەشی هونەرمەند ئارام عەلی نەخشاندوویەتی.

جێی سەرنجە لەئێستاشدا کاك یاسین سەرقاڵی کارکردنە لەسەر کتێبێکی دیکەی زانستی بەناوی (پۆلێنی کتێب لە کتێبخانەی خوێندنگاکان‌و کتێبخانە گشتییەکاندا) کە ڕێبەری پراکتیکییە بۆ پۆلێنی دیوی دەیی.


سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

ڕاوێژکاران: ئاری بابان ــ شێرزاد سەعید

ستافی کارا: محەمەد کەریم ــ تابان حەسەن هادی

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپ‌و هەڵەبڕی: بەیان عەلی ــ بەهرە عیزەدین

کارگێڕی: ئاشتی عوسمان دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتی

ت: ٣٢٠٢٧١٦، ٠٧٧٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com